ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# کاریگەریی مادده هۆشبەرەکان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠١٤•


| |
|---|
| عبدالواحد نافع توفیق |
| بەشی سیستەمە سیاسیەکان، کۆلێژی زانستەسیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، عێراق |
| Email: swessrojgar@gmail.com |
| ئەمین فرج شریف |
| بەشی سیستەمە سیاسیەکان، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، عێراق |
| Email:amin.sharif@su.edu.krd |



| وشە کلیلییەکان: | Received: 11/06/2025 | ID No. 4403 |
|---|---|---|
| ماددەی هۆشبەرەکان ،چەمکی ئاسایش، کاریگەری ماددەی هۆشبەر لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان. | Accepted: 16/07/2025 | (PP 123 - 157) |
| | Published:16/11/2025 | https://doi.org/10.21271/zjlp.23.40.6 |



## پوختە

ئەم توێژینەوە وەک ڕوون کردنەوەیەکە لە سەر پاڵنەر و هۆکارەکانی زۆربوونی ماددەی هۆشبەر و کاریگەریە نەرێنی یەکانی لەسەر ئاسایش نیشتیمانی هەرێمی کوردستان، کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ڕەهەندەکانی تری ئاسایشی سەربازی و ئاسایشی ئابووری و ئاسایشی ژینگەیی و ئاسایشی تاک و ئاسایشی تەندروستی و ئاسایشی خۆراک، گۆڕینی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و کۆمەڵایەتی بە کۆمەڵگایەکی نەخۆش و دواکەوتوو کەمبوونەوەی متمانەی هاووڵاتی بەدەسەڵات و فراوان بوونی گرووپە تاوانکاریەکان و تۆڕە بازرگانی یە نایاساییەکان و زۆر بوونی گەندەڵی، ماددەی هۆشبەر کاریگەری نەرێنی لەسەر ناسنامەی نەتەوەی کورد هەیە ئەمیش بەهەڵوەشانەوەی خێزان و کەم بوونەوەی ڕێژەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ عێراق، گرینگ ترین ڕێگاکانی هاتنی ماددەی هۆشبەر بۆ هەرێمی کوردستان دەروازە سنووری و فرۆکەخانەکانن، زۆر بوونی ماددەی هۆشبەر فاکتەرێکە بۆ هاتنی کەل و پەل و خۆراکی نا تەندروست و لێک نزیک بوونەوەی دەزگا سەربازیەکان و فراوان بوونی تۆڕەکانی گواستنەوە و بازرگانی ماددەی هۆشبەر و دروستکردنی بازاڕ بۆ ساغکردنەوەیان، ماددەی هۆشبەر هۆکارێکە بۆ زۆربوونی چەکی بێ مۆڵەت و زۆر بوونی ڕووداوەکانی کوشتن و هاتوچۆ، لەئێستادا پرسی ماددەی هۆشبەر پرسێکی جیهانی یەو هەموو وڵاتان لەم پەتایە بێ بەش نین، بۆیە وڵاتان هەوڵ دەدەن هاوڵاتیانیان بەدوور بگرن لەماددەی هۆشبەر، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدەکانی چەندایەتی و چۆنایەتی و میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی و میتۆدی بەراوردکاری و میتۆدی مێژوویی واتا میتۆدی تێکەڵاو(Mix Mithod)بەکارهاتووە تاوەکو هەموو ئەو زانیاریانەی پەیوەستە بەتوێژینەوەکە بەشێوەیەکی زانستیانە بخرێنە بەر باس و ئاماژەیان پێ بدرێت، وڵاتان هەوڵ دەدەن سەروەتی نیشتیمانی کە چینی گەنج دەگریتەوە لاواز بکەن، وڵاتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان بەهەموو شێوازێک هەوڵ دەدەن تاکی کورد پەلکێشی ماددەی هۆشبەر بکەن، پێویستە لایەنی پەیوەندی دار گرینگ ترین ئەو ڕێگایانەی بۆ کەمکردنەوەی ماددەی هۆشبەر پێویستن بیان گرێنە


• ئەم لێکۆڵینەوەیە، هەڵهێنجراوە وەک بەشێک لە ماستەرنامەی قوتابی ( عبدالواحد نافع توفیق)، بە ناونیشانی ((کاریگەری ماددەهۆشبەرەکان لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستان-عێراق لە دوای ساڵی ٢٠١٤ بەنمونە))، کە پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی زانستە سیاسیەکانی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، دەکرێت.

بەر ئەمیش وەکو پێداچوونەوە بەدەقە یاساییەکانی تایبەت بەماددەی هۆشبەر و جێ بەجێ کردنی بڕگەکان بەتایبەت ئەو بڕگە یاساییانەی تایبەتن بەبازرگانان و ئەوانەی کاری دابەشکردن دەکەن، لەگەڵ کردنەوەی سیمینار و وۆرک شۆپ لەناوەندەکانی خوێندن بەشێوەیەکی بەردەوام بەمەبەستی دەرخستنی کاریگەریەکانی ماددەی هۆشبەر، هەروەها هەرێمی کوردستان پێویستی بەسیاسەتێکی گشتگیرو هەمە لایەن هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت ڕێگا لە بڵاوبوونەوەی زیاتری ماددەی هۆشبەر بگرێت، گرینگی ئەم توێژینەوە خۆی دەبینێتەوە لە دەرخستنی ئەو ڕاستیەی کە ماددەی هۆشبەر هۆکارە بۆ دەست پێکی گۆڕانی کۆمەڵگەیە بۆ کۆمەڵگەیەک کە یاسا سەروەر نەبێت و باند و گروپی تاوانکاری و قاچاغچێتی و گەندەڵی سپی کردنەوە پارە بەردەوام لە زۆربوون بێت، یەکێک لەو مەترسیانەی ئاسایشی نیشتیمانی هەرێمی کوردستان دەخاتە مەترسیەوە ماددەی هۆشەرە، دەگەین بەو ئەنجامەی ووڵاتان یەکێک لە هۆکارەکانی نەمانی متمانەی هاوڵاتی بەدەسەڵات بریتیە لە زۆربوونی ماددەی هۆشبەر، لەبەر ئەوەی ڕەوایەتی دەسەڵات بەدەست هێنانی متمانەی هاوڵاتیانە.

## پێشەکی

ماددەی هۆشبەر یەکێکە لە دیاردە خراپەکانی کۆمەڵگا بەتایبەتی لە نێو چینی گەنج کە گیرۆدەی دەبن، بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر چەندین کاریگەری نەرێنی هەیە بۆ سەر ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی بەکارهینەر، ماددەی هۆشبەر لەڕووی ڕەنگ و جۆر و بەکارهێنانیان لە ڕووکەشدا جیاوازن، ئەمەش لەشێوەی ماددەی تۆز و پێکهاتەی جیاواز و حەب و دەرزی هەن ،لەگەڵ بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگا و تەکنۆلۆژیا ئامارەکانی بەکارهێنان و بازرگانی کردن بەماددەی هۆشبەر ڕوو لە هەڵکشانن، بۆ ڕووبەروو بوونەوەی ماددەی هۆشبەر و هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگا ڕێگاکانی پێش گرتن لە ئالوودەبوون زۆر ئەستەمە، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر ناسنامە و بەرز بوونەوەی ڕێژەی تاوان و هۆکارەکانی زۆر بوونی کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتی یەکان و بەهەدەر دانی سامان و داهاتی تاکەکان و لێک هەڵوەشانەوەی خێزان و زۆر بوونی لێک جیابوونەوە، هاوکاتە لەگەڵ نەمانی هەستی نیشتیمانی پەروەری و کاڵ بوونەوەی بەها نیشتیمانیەکانی هەرێمی کوردستاندا، باشترین چارەسەر بۆ ئەم دیاردەیە ڕێگەگرتنە لە خاڵەکانی هاتنی ماددەی هۆشبەر و کردنەوەی نەخۆشخانە و سەنتەری شیانەوەیە بۆ ئالوودەبووان و تێکەڵ کردنەوەیان بە کۆمەڵگەو هەوڵ دان بۆ زۆر کردنی دەرفەتی کارکردن .

### گرینگی توێژینەوە :

گرنگی ئەم توێژینەوە لە وەدایە بەشێوەکی زانستی و ئەکادیمی لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی زۆر بوونی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی(٢٠١٤)دەکات، لەگەڵ دیاری کردنی کاریگەریە نەرێ نیەکان زۆربوونی ماددەی هۆشبەر لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستان. ئەمەش بابەتێکی زیندووە لە ئالەنگاری ئاسایشی سیاسی و سەربازی و ژینگەیی کە ڕووبەرووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە. لەم لێکۆڵینەوە لە کاریگەریەکانی ماددەی هۆشبەر لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ئاسایشی نیشتیمانی هەرێمی تێدەگەین، دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە گرینگی دەبێت بۆ داڕشتنی سیاسەتێگی گشتگیرو هەمەلایەن بەمەبەستی ڕووبەڕوو بوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان، گرینگی یەکی دیکەی ئەم تویژینەوە دەست نیشان کردنی ڕێگاکانی هاتنی ماددەی هۆشبەر و چۆنیەتی ڕێگری کردن لە هێنانی بۆ ناو هەرێمی کوردستان.

### ئامانجی توێژینەوە

ئەم توێژینەوە چەند ئامانجێکی هەیە دەیەوێت لەڕێگەی دەرخستنی تەوەرەکانی ناو توێژینەوەکە پێ یان بگات:

١- روون کردنەوەی هۆکارەکانی(سیاسی/ئابووری)کە ڕۆڵیان هەبووە لە زۆر بوونی مادده هۆشبەرەکان.

٢- بە دیار خستنی ئامانجی ووڵاتان لە هەناردەکردنی ماددەی هۆشبەر بۆناو هەرێمی کوردستان

٣- روونکردنەوەی گرینگ ترین ئەو دەرەنجامانەی ماددەی هۆشبەر دەیکاتە سەر ڕەهەندەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و ئاسایشی نەتەوەیی.
٤- گرینگ ترین ئەو سیاسەت بەرنامانە چین لەڕێگەی ڕاگەیاندنی هەڵمەتێکی نیشتیمانی بۆ مەبەستی بەرەنگار بوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان.
٥- یەکێک لە ئامانجەکانی تری ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیە لە هۆکارو لێکەوتەکانی ڕادەی چاوپۆشی و دروستکردنی هەماهەنگی کەسانی بەرپرس لەناوچە سنووریەکان و دەروازەکانی هەرێمی کوردستان .
- ئامانجیکی تری ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی هەموو هوکار و پالنەرانەن کە ڕێگە خۆشکەرن بۆ ئاسان دەست کەوتن و ڕێگاکانی ئالوودەبوون لەلایەن بازرگانانی ماددەی هۆشبەرەو ڕێگری کردن لێیان.

پرسیاری توێژینەوە:
لەم توێژینەوەیە پرسیاری سەرەکی ئەوەیە:
- ئایا هەڵگیرسانی شەڕ لەگەڵ شەڕی داعش کاریگەری هەبووە لەسەر زۆر بوونی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان؟ لەپاڵ ئەمەشدا دەکرێ هەندێ پرسیاری لاوەکیش لەلامان گەڵاڵە بێت لەوانە، بە چ شێوازێک زۆر بوونی ماددەی هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان کاریگەری لەسەر زۆر بوونی تاوانە جۆراو جۆرەکان و گەندەڵی هەبووە ؟ بۆ چی وولاتان مەبەستێکی شاراوەیان هەیە بۆ هەناردەکردنی  مادده هۆشبەرەکان بۆ هەرێمی کوردستان؟ زۆر بوونی مادده هۆشبەرەکان بە چ شێوازێک کاریگەری لەسەر هاوڵاتیانی هەریمی کوردستان دەبێت تاوەکو متمانەی بە سیستەمی سیاسی و دەسەڵات و دامەزراوەکان نەمینێ؟
گریمانەی توێژینەوە
پشت بەست بە چەند گریمانەیەک و ئەو داتا و زانیاریانەی بەردەستن، ساڵی(٢٠١٤) چەند هۆکارێک کاریگەریان لە سەر هەرێمی کوردستان هەبووە لە زۆر بوونی مادده هۆشبەرەکان شێوەیەکی بەرچاو ، ئەم زیاد بوونە  لە داهاتوو دەبێتە هۆی گۆڕینی دیموگرافیا و کاریگەری نەرێنی لەسەر ناسنامەی نەتەوەی کورد لە هەرێمی کوردستان دەبێت، سەرەنجام دەبێتە هۆی نەمانی متمانە بە دەسەڵات و فراوان بوونی بازنەی تاوان و گرووپە تاوانکاریەکان.

ڕێبازی توێژینەوە
لەم توێژینەوەدا سوود لە میتۆدی تێکەڵ(mixed methods) وەرگیراوە، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەردوو شێوازی چەندایەتی و چۆنایەتی، شێوازی چەندایەتی مەبەستمان ئەنجامدانی ڕاپرسی و ئامانجدارە لە نێو ئەو توێژانەی کە ڕاستەوخۆ بەرکەوتەیان لەگەڵ مادده هۆشبەرەکان  هەیە وەکو ڕاپرسی لەگەڵ بەندکراوان و خانەوادەی بەندکراوانی تایبەت بە ماددەی هۆشبەر. هەوڵ دراوە شێوازی چۆنایەتی وەکو ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی بەرپرس و پسپۆرو شارەزا لە بواری مادده هۆشبەرەکان. جگە لەمانە سوود وەرگیراوە لە ڕێبازی وەسفی شیکاری شیکردنەوەی چەمکەکان و ناساندنیان ، پاشان شیکارکردنی ڕەگەز و پێک هێنەرە سەرەکیەکانی هەردوو گۆڕاوی ئاسایشی کۆمەڵگەیی و زۆر بوونی ماددەهۆشبەرەکان و دەرخستنی پەیوەندی و نێوانیان ئەنجام دراوە.

توێژینەوەکانی پێشوو:
١-توێژینەوەی ڕیزان جلال حمد، تاوان و ماددەی هۆشبەر، ماستەر نامە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی صلاح الدین ،هەولێر،سالی2022.
لەم توێژینەوەدا ئاماژە دراوە بەجۆرەکانی ماددەی هۆشبەر لەهەرێمی کوردستان و جۆرە باوەکانی کە کاریگەریان هەیە لەسەر جەستەی مرۆڤ بەتایبەتی کۆئەندامی هەناسەدان و گرتنەبەری ڕێکارەکان لەگەڵ کەسانی ئالوودەبوودا.

٢-خانزاد ئەحمەد عەبد، ریبین رسول اسماعیل،ئالوودەبوون بەماددەی هۆشبەر،چاپی یەکەم،سالی2019، توێژەر لەم توێژینەوەدا ئاماژەی داوە هۆکارەکانی ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر لەهەرێمی کوردستان و جۆرەکانی و ماددەی یاسایی و دانانی ئاماری چاکسازی گەورانی هەولێر بۆ هۆکاری ئالوودەبوونیان.

٣-کنعان محمد .مادده هۆشبەرەکان و پەتای سەردەم، هەولێر،چاپی یەکەم،سالی2021.لەم پەرتووکەدا توێژەر ئاماژەی داوە هۆکاری ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر لەهەرێمی کوردستان و چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەیان و ئەنجامدانی ڕاپرسی لەنێو بەندکراوان بە هەردوو ڕەگەز نزیکەی(27%) ئالوودەبووانی ئێستا لە ڕەگەزی(مێ)ن کە لەدوای ئالوودەبوونیان ئەمانە زۆر بە زەحمەت دەتوانن دەست بەرداری ماددەی هۆشبەر ببن.

٤-مەهدی بەدری،خوێندنەوەیەک بۆ ماددەهۆشبەرکان،هەولێر،ساڵی2012، لەم پەرتووکەدا توێژەر ئاماژەی داوە بەجۆرەکانی ماددەی هۆشبەر لەهەرێمی کوردستان ئەو کات باو ترینیان جۆری(کریستال، ترياک، حەشیش، حەبی ترامادۆل)بووە،لەگەڵ بە دیار خستنی کاریگەریەکانی لەسەر چینی کۆمەڵگەی کوردی و داهاتووی ئەم پەتایە لەکوردستان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی توشبووان.

پێکهاتەی توێژینەوە:

ئەم تووێژینەوە، جگە لە پێشەکی ودەرەنجام، لەسێ بەشی سەرەکی پێکدێت لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوە ،

بەشی یەکەم: دیاردەی مادده هۆشبەرەکان، مێژووی بڵاو بوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لەهەرێمی کوردستان، هۆکاری زیادبوونی ماددەی هۆشبەر لەسالی٢٠١٤ بە تیشک خستنە سەر هۆکارە سیاسیەکان و ئابووری و سەربازی یەکان.

بەشی دووەم: گرینگترین ڕێگاکانی هێنانی ماددەی هۆشبەر بۆناو هەرێمی کوردستان، لەگەڵ باسکردنی دەرەنجامەکانی ماددەی هۆشبەر لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان(سیاسی، سەربازی، ئابووری، ژینگەیی) لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەیی.

بەشی سێ یە: ڕوونکردنەوەی کاریگەری ماددەی هۆشبەر لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستان ئەوانیش بەباسکردنی ناسنامە ، زۆربوونی تاوان و جۆری تاون، لێک هەڵوەشانەوەی خێزان و زۆربوونی گەندەڵی، کاریگەری لەسەر ئاسایشی تەندروستی.

## بەشی یەکەم: دیاردەی مادده هۆشبەرکان و بڵاوبوونەوەی لەهەرێمی کوردستان

لەم بەشەدا بەمیژووی هەرێمی کوردستان گوزەرێک دەکەین لەدوای ساڵی ١٩٩١ دوای کشانەوەی دەستەی کارگێری و بەرێوەبردنی رژێمی ئەوکاتی عێراق هەرێمی کوردستان بەرەو قۆناغی دیفاکتۆ هەنگاوی ناو وەک ئەزمونێکی سەرەتایی بۆ هەرێمی کوردستان.

### باسی یەکەم: بڵاو بوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لەهەرێمی کوردستان

ئالوودەبوون و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان دیاردەیەکی ناوەخۆیی نیە بەڵکو دیاردەیەکی جیهانی یە دەوڵەتان بەیەکەوە هەوڵیانداوە هەماهەنگی یەکتری بکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیەو دانانی رێ وشوێنی پێویست بۆ رێگەگرتن لە زۆر بوون و دۆزینەوەی نەخشە رێگایەک بۆ چارەسەری و بەدیارخستی مەترسیەکانی[1] . هەرێمی کوردستان پێش ساڵی(٢٠٠٣)رێژەیەکی زۆر کەمی بەکارهێنان و ئالوودەبووی مادده هۆشبەری هەبوو، بەڵام لەدوای ئەو ساڵەوە بەهۆی گۆرانی سیستەمی سیاسی و هەبوونی شەرو ناسەقامگیری سیاسی و زۆر بوونی هەژاری بێکاری عێراق بۆتە وولاتێکی بەرهەم هێنەری مادده هۆشبەرەکان و هەرێمی کوردستانیش بێ بەش نەبووە لە بەکارهینەران و ئالوودەبووانی بە مادده هۆشبەرەکان، هەرێمی کوردستان لە ساڵی(١٩٩١)دوای کشانەوەی دەزگا و ستافە کارگێرییەکانی رژێم و نەمانی هەژموونی بەسەر ناوچە سنووریەکان، هاوکات لەگەڵ پەرت وبڵاوی هێزە چەکدارەکانی ئەوکاتی کوردستان توانای پاراستنی سنوورەکانی نەبوو ئەمەش بەهۆی ململانێی پارتە سیاسیەکان و هەڵگیرسانی شەری ناوەخۆ دەرەنجام بووە هۆی بڵاوبوونەوەی قاچاغچێتی و دەست پێکردنی بازرگانی لەگەڵ وولاتی ئێران و نەمانی ترسی خەڵک لە یاسایی توندی عێراق دەربارەی مادده هۆشبەرەکان کە پێشتر هەیان بوو، هەروەها دانانی ئابڵۆقەی ئابووری لەسەر عێراق ئەمەش کاریگەری نەرێنی هەبوو لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان توشی هەژاری و بێکاری ونەهامەتی هاتن، خراپی گوزەران وای کرد بە رێژەیەکی زۆر کەم هەرێمی کوردستان خەڵک پەنا بۆبازرگانی کردن بە ماددەی هۆشبەر ببەن بەتایبەتی ناوچە سنووریەکان، ئەم هۆکارانە سەرەتایەک بوون بۆهاتنی ماددەی هۆشبەر بۆ ناو هەرێمی کوردستان.[2]

بازرگانی کردن بەمادده هۆشبەرەکان بە پلەی سێ یەم دێت لە دوای بازرگانی کردنی نەوت و چەک، بازرگانی کردن بە ماددەی هۆشبەر(٨%)قەبارەی بازرگانی جیهان پێک دەهێنێت کە ساڵانە دەگاتە نزیکەی(٦٠٠)ملیارد دۆلار، بەزۆری مادده هۆشبەرەکان لە وولاتانی جیهانی سێ یەم بەرهەم دێت پاشان رەوانەی وولاتانی دیکە دەکرێن لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی کاری چاندن و بەرهەم هێنان و قاچاغچێتی دەکەن پارەیەکی زۆریان دەست دەکەوێت بەو پێ یەی هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لەدەوڵەتی عیراقی فیدراڵ واهەڵکەوتووە لەرووی جوگرافیاوە بەچەندان کیلۆمەتر دراوسێ یە لەگەڵ وولاتی ئێران ئەمەش دەوڵەتێکی بەرهەم هێنەرو بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەرە جگە لەمە ئێران دراوسێی وولاتی ئەفغانستانە کەسەرچاوەی مادده هۆشبەرەکانە لەجیهاندا کەش وهەوای گونجاوی هەیە بۆ بەرهەمهێنانی رووەکی خەشخاش کە بەکەرەستەی خاوی جۆرەکانی تری ماددەی هۆشبەر دادەندرێت.[3]

تەوەری یەکەم: هۆکارەکانی زیادبوونی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان لێرەدا چەندین هۆکاری ئابووری و سیاسی و سەربازی کاریگەریان هەبوو هۆکارە ئابووریەکان چەندین لق لەخۆدەگرێت تیایدا قۆناغەکانی ئابووری هەرێمی کوردستان دەخەینە روو.

(1)د.خانزاد ئەحمەد عەبد ، رێبین رەسول ئیسماعیل، ئالوودەبوون بەماددەی هۆشبەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئازادی، هەولێر، ٢٠١٩، ل٦.

(2)رێبین کاکەمەم باوزی، مەترسی مادده هۆشبەرەکان لەسەرتاک و خێزان وکۆمەڵگە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وارڤان، هەولێر، ٢٠٢٤ ، ل٢٤.

(3)مەهدی بدری، ماددەهۆشبەرەکان وبڵاوبوونەوەی لەئێران و کوردستاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٥.

### لقی یەکەم: خراپی ڕەوشی ئابووری ئابووری هەرێمی کوردستان

ئابووری هەرێمی کوردستان چەندین قۆناغی جۆراوجۆری بەخۆوە بینیوە لەنێوان ساڵانی(١٩٩١-٢٠٠٣) سەرچاوەی داهاتی هەرێمی کوردستان گومرگی خاڵە سنووریەکان بوو لەگەڵ هەندێك لە داهات و باج و ڕوسوماتی ناوخۆ، لەڕێگەی ئەو داهاتانەوە مووچەی فەرمانبەران و مامۆستایان و مووچەخۆرە جیاجیاکانی تری لێ دەدرا، لەگەڵ جێ بەجێ کردنی هەندێك پرۆژەی بچوك، هاوڵاتیان لە بارودۆخێکی ئابووری و ژیانێکی سادە و خراپدا ژیان و گوزەرانیان دەکرد.[1] ساڵی(٢٠٠٣)بۆ ساڵی(٢٠١٤)دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری لە عێراق هەرێمی کوردستان چووە قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسی و ئابووری، بودجە بۆ هەرێمی کوردستان دیاریکرا مانگانە پارەیەکی باش دەهاتە هەرێمی کورستان خوشگوزەرانی بە ڕووی هاووڵاتیاندا کرایەوە، حکومەت چەندین پرۆژە و خزمەتگوزاری پێشکەش کرد، مووچە و دەرماڵە زیادی کرد، عێراق بەڕێژە(٩٠%)پشتی بەستووە بەفرۆشتنی نەوت، هەروەها هەرێمی کوردستان بەڕێژەی(٣٤%)داهاتی هەرێمی کوردستان پشتی بەستووە بەفرۆشتنی نەوت و(٤٢%)ی لەو داهاتەی لەلایەن حکومەتی ناوەندی بۆی دێت ئەمەش کۆی گشتی دەکاتە(٧٦%)لەداهاتی هەرێمی کوردستان.[2]

نەوت ڕۆلێکی گرینگی هەبووە لەگەشەسەندنی ئابووری هەرێمی کوردستان چونکە هەرێمی کوردستان لەفرۆشتنی نەوتدا پێویستی دارایی و خەرجی پرۆژە و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی دابین دەکات، نەوت ڕۆڵێکی گرینگی هەبووە لەداڕشتنی نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کاریگەری هەبووە لەدروستکردنی پەیوەندی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، بازرگانی لە ناوچەکەدا.[3] لە ساڵی٢٠١٤ لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێکخراوی داعش و ناسەقامگیری سیاسیدا نرخی نەوت بەشێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە دابەزین کرد نرخی بەرمیلێک نەوت لە ساڵی(٢٠١٥) لە (١١٥)دۆلارەوە گەیشتە(٤٤)دۆلار و ساڵی(٢٠١٦) مەترسیەکە لەسەر نرخی نەوت زیاتر بوو نرخی بەرمیلێک نەوت گەیشتە(٣٣)دۆلار، لەم کاتەدا حکومەتی ناوەند لەبڕی هاوکاری کردنی هەرێمی کوردستان هەموو هەوڵیکی دبلۆماسی و یاسایی گرتە بەر بۆ نەفرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان.[4]

بۆیە کەم بوونەوەی بەرهەمی پیشەسازیەکان و ڕاگرتنی پرۆژەکان فاکتەرێکن بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و هەڵاوسان و بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک و پێداویستیەکان سەرەنجام هەژاری بەدوای خۆیدا دەهێنێ، یەکێک لەگرینگترین هۆکارەکانی زیادبوونی بەکارهێنان و بازرگانی و کاری گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر بریتیە لە هەژاری و بێکاری.[5]

ئەمە لەڕووی تیۆری یەوە لە زانستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بە مناوەرە-تلاعب(Manipulation )ناوزەند ئەکرێت، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەم گەمەیە ئەکەن؟ بەرمیلێک نەوت بە ($٣٣)دۆلار لەکاتێکدا لە هەندێ ووڵات کرێی بەرهەمهێنانی (١) بەرمیل نەوت لە نێوان (٢٠)بۆ (٣٠)لە ڕووسیا کرێی بەرهەمهێنانی یەک بەرمیل نەوت (٢٠$) بیست دۆلارە لە هەرێمی کوردستان (١٧$) دۆلار ئەکەوێت نرخی نەوت لە عێراق گەیشتە (١٧$) دۆلار ئەمە زیانەکەی لە مانگێکدا بە ملیارەها دۆلار لەسەر دەوڵەت ئەکەوێت هەر بۆیە لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت زیانێکی زۆر بە ئابووری هەرێمی کوردستان گەیاند حکومەتی هەرێمی کوردستان و دام دەزگاکانی ناچار کرد لەڕێگەی لکاندنەوەی هەندێ لەوەزارەتەکان و دەستەو بەڕێوەبەرایەتیەکان بەیەکتریەوە لەگەڵ کەمکردنەوەی خەرجی تایبەت بەپرۆژەکان ئەمەش بووە هۆی ڕاگرتنی پرۆژەکان و

(1)د.هاشم محمد سعید، کاریگەرێن ئابووری و دارایی یێن سەربەخوا بەرهەمر ئینان و هەناردەکرنا نەفت و گازێ، گۆڤارا ئەکادیمیا، زانکۆیا نەورۆز، دهۆک، بەرگی(٩)، ژمارە(٣٠)، ٢٠٢٠، ل٣٦.

(2)د.یوسف گۆران و ئەوانی تر، حکومەتی نوێی عیراق قەیرانی ئابووری هەریمی کوردستان، ڕانانی ئایندەیی، سەنتەری لیکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلیمانی، ژمارە(٤)، ٢٠٢٠، ل٩.

(3)انور محمد فرج، چالاك معتصم خورشید، کاریگەری فاکتەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی سیاسی و ئابووری هەرێمی کوردستان، مجلە جامعە التنمیە البشریە، السلیمانیە، المجلد(٨)، العدد(٢)، ٢٠٢٢،ص ٢٤.

(4)بارزان جوهر صادق ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩.

(5)فاطمة سالم جابر، مصدر سابق، ص٥٦٦.

کەمکردنەوەی موچەی فەرمانبەرانی بەدواداهات.[1] لێرەدا تەنها ئەو دەوڵەتی پێشکەوتوو (Deep State) بەکەمترین زیان لێی دەردەچن، لە ڕێگەی دامەزراوەی هزریی و نوخبەوە کە دەوڵەتن لەناو دەوڵەتدا، دەتوانن هزرێکی ستراتیجی و تاکتیکی سەرکەوتوو بەگەڕ بخەن کە پەیوەندیی نێوان سیستەمی سیاسی و سامانی ئابوریی ڕێک بخات، بە پێچەوانەوە دەوڵەت زیانێکی گەورە ئەکات[2]لەگەڵ ڕاگرتنی پڕۆژەکان وکەم بوونەوەی بەرهەمی پیشەسازیەکان فاکتەرێکن بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و هەڵاوسان و بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک و پێداویستیەکان، دەرەنجام هەژاری و بێکاری بەدوای خۆیدا هینا، یەکێک لەگرنگترین هۆکارەکانی دەست بردن بۆ بەکارهێنان و بازرگانی وکاری گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر بریتیە لە هەژاری و بێکاریە و دەست خستی پارەیە بۆ پێداویستسەکان و خەرجی.[3]

## لقی دووەم: بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی ئیتحادیەوە

لەساڵی(٢٠١٤)بۆ ساڵی(٢٠٢٥)هەرێمی کورستان چۆتە قۆناغێکی قوڕسی ئابووری، ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش لەعێراق دروست بوو ئەمەش تێچوویەکی ئابووری زۆری خستە سەر حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێم، جگە لە زیانی گیانی و ماڵی هەزاران کەس، لەلایەکی ترەوە دابەزینی نرخی نەوت و هاتنی ژمارەیەکی زوری ئاوارە و پەنابەر و بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لە لایەن بەغداوە دوور لە بنەما دەستووریەکان بە بڕیاری سیاسی کەوتنە دژایەتی هەرێمی کوردستان[4] عێراق چاوی بە گەشەسەندنی ئابووریی و ئارامی و سەقامگیری و کرانەوەی هەرێمی کوردستان هەڵ نەدەهات بۆیە پەنای بردە بەر قووت و بژێوی هاووڵاتیان، تا لەم ڕێگەوە پێگەی هەرێمی کوردستان لاواز بکەن و ئیرادەی خەلکی کوردستان تێک بشکێنن، تارادەک خەریک بوو لەو ئامانجەیان نزیک بونەوە ئەوەش بەهۆی دۆخی خراپی خەڵکی هەرێم وبێ پارەیی و کەمی داهاتی حکومەتی هەرێم سەرەڕای بەردەوامی شەڕ.[5]

بەپێی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ساڵی(٢٠١٢)بەهاوکاری دامەزراوەی ڕەندی ئەمریکی ڕووپێوکی کرد لەم ساڵەدا ڕێژەی(٣٨,٤%)دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان(١٥ تاوەکو٦٠)ساڵ دایە کاریان هەبووە واتا ڕێژەی بێکاری(٧,٩%)بووە لە ساڵی(٢٠١٣)ئەم ڕێژەیە دابەزی بۆ(٦'٥٣%) بەڵام لەساڵی(٢٠١٥)دا بەشێوەیەکی بەرچاو ڕێژەی بێکاری لەهەرێمی کوردستان بەرزبۆتەوە گەیشتۆتە(١٣'٥٣%)ئەمەش دەرخستەی ئەوەیە بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان بەجۆرێک ڕێژەی بێکاری دوو ئەوەندەی پێش بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان بەرزکردۆتەوە.(

(1)د.یوسف گۆران، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢.

(2)بارزان جوهر صادق ، سەرچاوەی پێشوو،لا ٥٩.

(3)فاطمة سالم جابر، مصدر سابق، ص٥٦٦.

(4)د.یوسف گوران، سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

(5)د.هاشم محمد سعید، سەرچاوەی پیشوو، ل٤٥.

[1] ئەم ڕووداوانە کاریگەریان هەبوو لەسەر کەم بونەوەی داهاتی تاک و بێکاری و بەرزبونەوەی ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان، هۆکارە سەرەکیەکانی دەست بردن بۆ بەکارهینان و بازرگانی کردن و کاری دابەش کردن و ساغکردنەوەی مادده هۆشبەرەکان دەگەڕێتەوە بۆ بێکاری و خراپی باری دارایی کە ڕەهەندی ئابووری و ئاسایشی و کۆمەڵایەتیان هەیە، کەسی بێکار ناچارە بەجۆرێک گوزەران بکات بۆ ئەم گوزەرانەش داهاتێکی هەبێت ئەوکەسانە زۆرجاران ڕێگا نایاسایەکان بۆدەستخستنی داهات هەڵدەبژێرن هەروەها کەسانی هەژار و بێکار بە ئاسایی ڕازی دەکرێن لەلایەن گروپ و باندەکان تاوەکو بەکاریان بێنن.[2]

## تەوەری دووەم: خراپی ڕەوشی ئەمنی و ناسەقامگیری، ئەم تەوەرە چەند لقێک لەخۆ دەگرێت گرینگ ترینیان ئەمانەی خوارەوەیە.

### لقی یەکەم: هەڵگیرسانی شەڕی داعش و بردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوەخۆ بۆ بەرەی شەڕ

ساڵی(٢٠١٤)لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گۆڕانکاریەکی گەورەی مەترسی ئاسایشی بەخۆوە بینی لەگەڵ سەرهەڵدان و فراوان بوونی خێرای ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە داعش، لە حوزەیرانی(٢٠١٤)شاری موسڵ کە دووەم گەورەترین شاری عێراقە بەهەموو کەل و پەل و کەرەستە سەربازیە بەجێ ماوەکانی سوپای عێراق کەوتە دەستی چەکدارانی داعش.[3] هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی داعش بەهۆی ناڕازی بوونی دانیشتووانی عەرەبی سونە لە عێراق بوو بە تایبەتی ئەوانەی لە حکومەتی ناوەندی لاواز و تائیفی بێ هیوا بوون.[4] هێرشەکانی داعش هەرێمی کوردستانی ڕووبەڕووی شەڕێکی نەخوازراو کرد کە بە درێژایی(١٥٠٠)کم سنووری لەگەڵ داعشدا هەبوو، هێرشەکانی داعش مەترسی بوون بۆ لە ناوبردنی ئاسایش و سە قامگیری هەرێمی کوردستان بۆیە پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو کاتەدا بریتی بوو لە خۆپاراستن لە داگیرکردنی زیاتر لەم شەڕەدا(١٩٢١)پیشمەرگە گیانی خۆیان پێشکەشی کوردستان کرد(١٠٧٥٧)پێشمەرگەش بریندار بوون.[5] ڕێگاکانی گەیاندنی پێداویستیە سەربازیەکان بۆ ناو هەرێمی کوردستان کێشەیەکی بەردەوام بوو سەرەڕای ئەوەش گۆڕانی بەردەوامی بەرەکانی شەڕ لەگەڵ داعش، هاوپەیمانان پێویستیان بەدڵنیایی زیاتر بوو چەک و هاوکاریەکانیان دەستی بەسەردانەگیرێت لەلایەن داعشەوە بۆیە هێزی زیاتری پیشمەرگەیان پێویست بوو بۆدڵنیایی ڕێگاکان وای کرد ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە بۆ پاراستنی ئەم ڕێگایانە دابندرێن و ژمارەیەکی زۆری هیزەکانی ئاسایشی ناوەخۆ بنە بەرەکانی پێشەوەی شەڕ و چاودێری کردن و زانیاریەکان دەربارەی ماددەی هۆشبەر گرینگی پێ نەدەدرا لەم کاتانەدا.[6]

پشتیوانی سەربازی هاوپەیمانان بۆ هەرێمی کوردستان هەندێ وڵاتی هەرێمی بەمەترسی بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ لێکدانەوەیان بۆدەکرد بۆیە ڕێگریان لەگەیاندنی هاوکاریە سەربازیەکان بۆهەرێمی کوردستان دەکرد بۆیە هەرێمی

---

(1)د.صالح عمر عیسی و دکتور پەروێز رحیم قادر، ئاسایشی ئابووری لەڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگ:ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان-عێراق، گۆڤاری قەڵای زانست، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، بەرگ(٦)، ژمارە(٤)، ٢٠٢١، ل١٦٤.

(2)فائز ابراهیم محمد، هۆکارە کۆمەڵایەتی و دەوونیەکانی توشبووان بەمادده هۆشبەرەکان، ماستەرنامە، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی صلاح الدین،٢٠١٠،ل٩٨.

(3)محمد اسماعیل جلیل، کاریگەری جەنگی داعش لەسەر پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی ٢٠١٤تا٢٠٢٢، کۆلێژی زاستە سیاسیەکان، زانکۆی صلاح الدین، هەولێر، ٢٠١٥، ل ٢١.

(4)بارزان صادق جوهر، کاریگەری داعش لەسەر گۆڕینی نەخشەی سایکس-بیکۆ وپرسی کورد، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(٥٥)، سلێمانی، ٢٠١٨، ل٣٣٥.

(5)مسعود بارزانی، بۆ مێژوو ، چاپی سێ یەم، چاپخانەی رۆکسانا، هەولیر، ٢٠٢٠،ل٥٥.

(6)ئەرسەلان رەحمان، شەڕی دەروونی داعش و ڕەنگدانەوەی لەمیدیای کوردیی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٢٨٦.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

کوردستان ناچار دەبوو هێزی زیاتر لەو ناوچانە دابنێ کە ڕێرەوەی گواستنەوەی هاوکاریەکان بوون.[1] بەناچاری هەموو هێزە چەکدارەکانی لەناوچە شاخاویەکان، خاڵە سنووریەکان، دەوروبەری شارەکان، بنکەو بارەگاکانی خۆیان گواستەوە بۆبەرەی پێشەوەی شەڕ بەمەبەستی پاراستنی خاکی کوردستان لە داگیرکردنی زیاتر و نەهێشتنی مەترسی لەسەر شارەکانی هەرێمی کوردستان ئەمەش لێرەوە ناوچە سنووریەکان تووشی بۆشاییەکی ئەمنی هاتن هەروەها ماوەی مانەوەی هێزەکانی ئاسایشیی ناوەخۆی لەبەرکانی پێشەوەی شەڕ درێژترکردەوە .[2]

## لقی دووەم: فاکتەری پەیوەست بەهێزی چەکداری لەهەرێمی کوردستان

نەبوونی سوپایەکی نیشتیمانی بۆ وەرگرتنی فەرمانە سەربازیەکان و هەبوونی ناکۆکی لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان لەناو دامەزراوە سەربازیەکاندا یەکێکە لە ئاڵەنگاریەکان بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لەبوونی هێزی چەکداری حیزبی و پاسەوانی بەرپرسەکان لەدەرەوەی دامەزراوە سەربازیەکانی هەرێمی کوردستان وەکو دروست بوونی کەسانی خۆبەخش لەشەڕی داعش ئەم هاوڵاتی یە سڤیلانە بوونە هەڵگری چەک، یاخود تاوانی جۆراو جۆریان ئەنجام دەدا و لە لایەن و داڵدە دەدران لەلای بەرپرسان، قوتابخانەی کۆبنهاگن ئەم مەترسیەی نەشاردۆتەوە باسی لە مەترسی هەبوونی چەکی کردووە لەدەرەوەی دامەزراوەی دەوڵەت. [3] هەر لە بەرئەوەی یەکێک لەسیمادیارەکانی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە دەوڵەت نیە بەمەش نەی توانیوە ببێتە خاوەن هێزێکی ڕێکخراو ویەکگرتوو وەک سوپای هەندێ وڵات کە هەیانە ئەمەش وایکردووە هەبوونی ئەم هێزە چەکدارانە زۆرکات وەکو مەترسی بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان هەژماردەکرێن، وەکو بەکارهێنانیان بۆ پشتگیری کەسی یان حیزبی یاخود هەندی کات ئەم هێزە چەکدارانە جۆرێک لە ئاسانکاری لە بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی سەربازی یاخود تابلۆی سەربازی بە سوود وەرگرتن لە پیشەکەیان کەل و پەلی قەدەغەکراو لەنێویاندا ماددەی هۆشبەر لەنیوان شارەکانی هەرێمی کوردستان دەگوازنەوە، ئەمە جگە لەوەی هەندێ کات ئەم هێزە چەکدارانە ئاسانکاری بۆبازرگانانی ماددەی هۆشبەر دەکەن لەبەرامبەر وەرگرتنی قازانجی خۆیان.[4]

## لقی سێ یەم: دوو ئیدارەی و یەک نەگرتنەوەی هێزەکانی ئاسایشی ناوەخۆ

بوونی دوو هێزی ئاسایش لە هەرێمی کوردستان هۆکارە کە ئەرکەکانیان دوور لەشێوازێکی هاوتایی و ڕێکخراوەیی و بوونی هەماهەنگی تەواو لە نێوانیاندا جێ بەجێ بکەن، جگە لەمە بۆتە هۆی کاڵ بوونەوەی ئینتیمای نیشتیمانی و کاریگەری نەرێنی لە لای خەڵکی هەرێمی کوردستان دروست کردووە، بەشێوەیەک لە ئەنجامدانی ڕاپرسیەک لەپارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەڕێژەیەکی زۆر کەزیاترە لە(٧٧%)پێیان وایە هێزە چەکدارە فەرمیەکان ئینتمایان بۆ پارتە سیاسیەکان لەپێش ئینتیمای نیشتیمانی جی بەجێ دەکەن، واتا جمجۆڵی ئەو هێزانە جلەوی بەڕێوەبردنیان بەدەستی پارتە سیاسیەکانە کەهێشتا بەدامەزراوەیی نەکراون.[5]

هەر بۆیە یەکێک لە ئالێنگاریەکانی ئاسایشی سەربازی هەرێمی کوردستان بوونی هێزەکانی ئاسایشی ناوەخۆیە بەشێوەی دوو ئیدارەیی و نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان هێزەکانی ئاسایشی ناوەخۆ لەئاڵوگۆڕ پێکردنی زانیاری و زاڵ بوونی هەژموونی حیزبیە ، هەروەها بوونی دوو هێزی ئاسایشی ڕەنگە ببێتە هۆی ترس و دڵەڕاوکێ لەلایەن هاوڵاتیانەوە، لەگەڵ

---

(1) Kolo, Kamal-1, Challenges of EU-Kurdish Relations in Iraq and Syria, Middle East Review, vol. 29, no. 2, , 2020, p.77-93.

(2) محمد اسماعیل جلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.

(3)کارزان احمد عمر، ئاڵێنگاریەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەڕوانگەی قوتابخانەی گۆبنهاگن لەدوای ساڵی٢٠١٤، ماستەرنامە، کۆلیژی زانستە ڕامیاریەکان، زانکۆی سلێمانی،سلێمانی، ٢٠٢٣، ل٦٨.

(4)ئازاد ئەحمد، شەری ناوەخۆ دەرسێک بۆمێژوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٠.

(5)بارزان جوهر صادق، سەرچاوەی پێشوو، لا١٧٥.

ئەوەشدا زۆرکات بابەتی دوو ئیدارەیی لەهەرێمی کوردستان وەک کارتی فشار بە کاردەهێندرێت بەتایبەتی لەکاتی پێک هێنانی حکومەت و هەڵبژاردنەکاندا.[1]

لە ڕوانگەی باری بۆزان، ڕکابەرایەتی ئایدۆلۆژیایی یاخود نەتەوەیی سیستەمی سیاسیی دەخاتە مەترسیەوە، بەرگری لەو مەترسیانە دەکات لەئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا ڕەوایەتی سیستەمە سیاسیەکان دەخاتە مەترسی، لەبەر ئەوەی یەکێک لەکۆڵەگەکانی ئاسایش بوونی سەقامگیری سیاسی یە، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێک هاتەی سێ حیزبی سەرەکی یە کە بریتین لە پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان، کێشەی سیاسی و ململانێی حیزبی ڕەهەندێکی ئاسایشی وەرگرتووە ئەویش ئەوەیە لایەنەکانی بەشدار لە حکومەت دا خۆیان بەخاوەنی دەسەڵاتی ڕاستەقینە نازانن ڕەنگە هەندێ کات ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن ببینن، میدیاکانی هەریەک لەم حیزبانە باسی وەزیر و کار و چالاکیەکانی ژێر هەیمەنی خۆیان دەکەن پاڵپشتی سیاسەتی گشتی ناکەن ئەمەش کاریگەری لەسەر تەواوی تواناکانی حکومەت دەکات بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی لە سەرجەم کێشەو گرفتەکان.[2]

## لقی چوارەم: هاتنی لێشاوی ئاوارەی عێراقی و پەنابەرانی سوریا بۆ هەرێمی کوردستان

سەرهەڵدانی جەنگی داعش بووە هۆی ئەوەی زیاتر لە(١،٥)ملیۆن ئاوارە و پەنابەر لە سوریا و ناوچەکانی عێراق بەهۆی شەڕو ناسەقامگیریەوە ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن، بووە هۆی دروست بوونی بارگرانی زیاتر لەسەر هەرێمی کوردستان لە دابین کردنی ئاسایش و خەرجی شوێنی نیشتەجێ بونیان[3]زۆرجاران ئاوارە و پەنابەران خۆیان لەچاوی دام و دەزگاکانی ئاسایش و لایەنە پەیوەندی دارەکان دەشارنەوە و ئەمەش ئەرکی بەداواداچوون و دەست کەوتنی زانیاری و چاودێری کردنیان ئەرکێکی ئاسان نابێت.[4]

یەکێک لە مەترسیە گەورەکانی داعش لەسەر هەرێمی کوردستان دروست بوونی ئەو لێشاوەی ئاوارەیە بوو کە پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێنا، ئەمە جگە لە دابینکردنی خزمەتگوزاری، تەندروستی، ئاسایش، پەروەردە، ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی گران کرد لە خاڵەکانی پشکنین و بازگەکان بووە هۆی هاتن و دزەکردنی لایەنگری چەکدارانی داعش و هێنانی ماددەی هۆشبەر بە شاردنەوەیان لەناو کەل و پەلەکانیان بۆ هەرێمی کوردستان.[5] سیاسەت و بەڕێوەبردن بە پشت بەستن بە ئابووری دەکرێت لێرەدا ئاسایشی ئابووری پەیوەندی بە هێزی بەهەموو سێکتەرەکانی تری ئاسایشی سەربازی، تەندروستی، تاک، خۆراک و بوارەکانی تر هەیە، بۆیەهاتنی پەنابەر و ئاوارانە کاریگەریان هەبوو لەسەر کەم کردنەوەی توانای دابینکردن.[6] کەم بوونەوەی بەرهەمی تاک دەبێتە هۆی زۆر بوونی ڕێژەی هەژاری لەلایەکی ترەوە بەهۆی بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی ناوەند و دابەزینی نرخی نەوت و هاتنی لێشاوی پەنابەران و خەرجی شەڕ و دابینکردنی پێداویستسیەکانی پەنابەران و ئاوارەکان حکومەتی هەرێم توانای دابینکردنی موچەی لەکاتی خۆیدا نەبوو بۆیە ئاسایشی تاک، خەڵک، خێزان لە هەرێمی کوردستان مەترسی لەسەر بوو.[7] پەنابەرو ئاوارە هۆکارێکن بۆ بێ

(1) (1)- دانا محەمەد رەزا، ئایا دووئیدارەیی چارەسەرە؟(2025/6/2)(2025/6/20)Last visite، Availableat: < https://www.xendan.org

(2)د.صالح عمر عیسی، پەروێز رحیم قادر، پرسەکانی ئاسایشی سەربازی و سیاسی هەرێمی کوردستان-عێراق لەڕوانگەی باری بۆزان لەدوای٢٠١٧، گۆڤاری قەلای زانست، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، بەرگ(٦)، ژمارە(٢) ٢٠٢١، لا٣٦٦.

(3) محمد اسماعیل جلیل، سەرچاوەی پیشوو، ل٤٥.

(4)د.احمد عبدالعزیز الاصفر، واخرون، مكافحة الهجرة غير المشروعية، الطبعه الاولى، المطبعه دار الحامد،عمان، ٢٠١٤، ص١٣.

(5)بارزان جوهر صادق، سەرچاوەی پێشوو، لا٥٨.

(6)جمال عبدالسلام عبدالهادى، أسباب تعاطي المخدرات بين طلبة المرحلة اإلعدادية،الطبعة الاولى، المطبعه سبها، ليبيا، ٢٠١٩، ص١٥.

(7)بارزان جوهر صادق، سەرچاوەی پێشوو، لا٦٥.

کاری و بەرز بوونەوەی نرخی خۆراک، خزمەتگوزاری، کاڵاکان، زۆربوونی ڕێژەی هەژاری، بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و سەرهەڵدانی گروپەکانی تاوانکاری و دزی و ناسەقامگیری یەکێکە لەهۆکارە سەرەکیەکان ودەست بردن بۆ ماددەی هۆشبەر و بازرگانی کردن.[1] ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگیی قەیرانەکان، لەباری ئاوارە و پەنابەرەکان دەڵێ:

لەساڵی(٢٠١٤)نزیکەی(٤٦٧،٩٠٠)پەنابەر و ئاوارە هاتونەتە هەرێمی کوردستان

لەوانە(٦٣١'٧٠٤)کەس ئاوارەی ناوخۆی عێراق بوون(٢٩٦'١٧٤)کەسیش وەک پەنابەر هاتونەتە هەرێمی کوردستان جگە لەمانەی خوارەوە

(٧'٧٩٦)کەس وەک پەنابەری تورک، کوردی باکوور


(٨٣٥٧)کەس وەک پەنابەری ئێرانی و کوردی ڕۆژهەڵات

(٦٥٢)کەس وەک پەنابەری فەڵەستینی

(١'٠١٣)کەس وەک پەنابەری جۆراوجۆر

کۆی گشتیی پەنابەران و ئاوارەکان لە(٣٠%) ناو لە کەمپەکان دەژین، لە(٧٠%)لە دەرەوەی کەمپەکان دەژین(٣٣)کەمپ لە هەرێمی کوردستان هەیە، لە(٤١%)ی پەنابەران و ئاوارەکان لە پارێزگای هەولێرن،(٤٠%)لە پارێزگای دهۆک، وە(١٩%)لەپارێزگای سلێمانین، هەر بۆیە سیاسەت و بەڕێوەبردن بەپشت بەستن بە ئابووری دەکرێت لێرەدا ئاسایشی ئابووری پەیوەندی بەهێزی بەهەموو سێکتەرەکانی تری ئاسایشی سەربازی، تەندروستی، تاک، خۆراک وبوارەکانی تر هەیە.[2]

چارتی ژمارە(1) ژمارە ئاوارەو پەنابەرەکانی هەرێمی کوردستان




(1)رقيق نجمه، اسباب أدمان المراهقين على المخدرات، رسالة ماجستير، كلية العلوم، جامعة خميس مليانة، الجزائر، ٢٠١٦، ص٢٣.

(2)د.احمد عبدالعزيز الاصفر، واخرون، مكافحه الهجره غير المشروعيه، الطبعه الاولى، المطبعه دار الحامد،عمان،٢٠١٤، ص١٣.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

ئامادەکردنی توێژەر: بەپسشت بەستن بەپێگەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان___
https://gov.krd/dmi/activities/news-and-press-

### لقی پێنجەم/ هاتنی کرێکاران و گەشتیارانی ئێرانی و بیانی بۆ هەرێمی کوردستان

هەبوونی دەستی کار بە بڕبڕەی ئابووری وولات دادەندرێت و ئاسانکاری بۆ جێ بەجێ کردنی پرۆژەکان و زۆر بوونی بەرهەمەکان و گەشەی وولات دەکات، هەبوونی دەستی کار هۆکارێکە بۆ مانەوەی سەرمایە لەناوەخۆی وولات و زۆر بوونی بەرهەم و ڕوونەدانی کۆچکردن.[1] دوای کردنەوەی دەرگای دامەزراندنی ڕێژەیەکی زۆری خەکی کوردستان لەگشت چین و توێژەکان دامەزران و هۆکارێک بوو بۆکەمکردنەوەی دەستی کارکردن و کرێکاری خۆماڵی، بوژانەوە و هاتنی کۆمپانیای بیانی و کۆمپانیاکانی نەوت بۆ هەرێمی کوردستان پێویستی بەدەستی هێزی کاری دەرەوە هەبوو هۆکارێک بوون بۆ کۆچکردن لەدەرەوە بۆ ناو هەرێمی کوردستان.[2]

دامەزراندنی ئەم ڕێژە زۆرەیە کە هێزی کاری خۆماڵی کەمکردەوە لەهەرێمی کوردستان لەم قۆناغەدا خواست لەسەر دروستکردنی خانووبەرە زۆربوو ئەمەش ڕێگای بۆ کرێکار و وەستای ئێرانی و تورکی و بیانی و چەندین کۆمپانیای خۆشکرد تاوەکو بێنە هەرێمی کوردستان، ئەم وەستا و کرێکارانە هەندێکیان بەکارهێنەر تەنانەت بازرگانی ماددەی هۆشبەریان تیدابووو، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جۆر ماددەی هۆشبەر هەن توانای کارکردنیان زیاتر دەکات و کەمتر دەخەون و هەست بەماندووبوون و هەستی دوور کەوتنەوەیان لەماڵەوە کەمتر دەکات، دوای یەکتر ناسینی کرێکارەکان لەکاتی کارکردن و پرۆژەکان مادده هۆشبەر بەکاردەهێنن و لێرەوە کرێکاران و خاوەن پیشەوەرانی دیکە لەگەڵ خۆیان فێری بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر کرد.[3]هەروەک لە ڕاگەیەندراوی بنکەی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان-سۆران باسی کردووە تەنها لەماوەی مانگی(٣)و(٤)ی ساڵی(٢٠١٩)لەگەڵ بنکەی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکانی کۆمەڵگای دەروازەی نێودەڵەتی حاجی ئۆمەران(١٤)کەس دانیشتوویی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بوونە بەنیازی کارکردن هاتوون بەڵام بە تۆمەتی ئالوودەبوون و بازرگانی کردن بە مادده هۆشبەرەکان دەستگیرکراون لەگەڵ دەست بەسەرداگرتنی(٢٥٦٢)دەنک حەبی قەدەغەکراو وبڕی(١)کیلۆو(٢٠٠)گرام ماددەی هۆشبەری جۆری(هێرۆین)و بڕی(٥٢٣)گرام لەماددەی هۆشبەری(کریستاڵ).[4]

هەر لەسەر کرێکارانی بیانی ڕێکەوتی(٢٠٢٣/٨/٢٢)بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان-سلێمانی ڕایگەیاندووە لە سنووری شاری سلێمانی(٢٠)کەسیان لەسەر بەکارهێنان و بازرگانی کردن بە ماددەی هۆشبەر دەستگیرک ردووە لەگەڵ دەست بەسەر داگرتنی ماددەی هۆشبەری جۆراوجۆر بەشێک لەم تۆمەتبارانە دانیشتووی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بوونە.[5]

---

(1)کەمال مەهەر ئەحمەد، وەرگێڕانی، فوئاد مەجید مسری، چینی کرێکاری عێراقی، چاپی دووەم، چاپخانەی کۆمۆن، سلێمانی، ٢٠١٩، ل١٠.

(2)د.عەبدوڵا غەفور، ئەنتۆدیمۆگرافیای باشووری کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٤.

(3)فائیز ئیبراهیم محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

(4)لەدوومانگدا 45 کەس بەهۆی ماددەی هۆشبەر و پارەی ساختە لە سۆران دەستگیر کراون(4/29 Availableat: < (2019/ (2025/6/11).Last visite https:// www.kurdistan24.net.

(5)دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆری بازرگان و بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر راگەیەنرا Availablea < (2023/8/22) https:// www.knnc.net.net. .Last vi (2025/6/11)

له ڕێکەوتی(٢٠٢٤/١١/٢٥) لەڕاگەیێندراویکدا بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر بڵاوی کردۆتەوە لە ناو شاری هەولێر سێ کەسی بیانیان دەستگیرکردووە خۆیان وەک کرێکار و وەستا نیشان داوە بەڵام دەرکەوت بازرگانی ماددەی هۆشبەرن لەمەرزی باشماخەوە دەربازی هەرێمی کوردستان بوون بڕێک ماددەی هۆشبەری جۆری (هیرۆین)لەسەر شێوەی کەپسول(قوت)داوە و لە(گەدە)ی خۆیان هەڵیان گرتووە بەنیاز بوون لە شاری هەولێر بازرگانی پێوەبکەن.[1]

لە کۆتایی ئەم بەشەدا بەو ئەنجامە دەگەین، هۆکاری شەڕ و فاکتەری ناسەقامگیری سیاسی و پشت بەستن بەهێزی دەرەکی و دابەزینی نرخی نەوت و پشت بەست بەیەک جۆر سەرچاوەی بەرهەهێنان کەئەویش نەوتە، لەگەڵ نزیکی و دراوسێ یە لەگەڵ وولاتانی بەرهەم هێنەری ماددەی هۆشبەر و هاتنی لێشاوی پەرنابەران پشکنین و چاودێری کردنیان ئەرکێکی قورس بوو فاکتری سەرەکی بوون لە زۆربونی ماددەی هۆشبەر لەهەرێمی کوردستان، لێرەوە ماددەی هۆشبەر لەهەرێمی کوردستان لەحاڵەتەوە بووبە دیاردە و لەگەڵ زۆربونی ماددەی هۆشبەر ناسەقامگیری سیاسی و متمانەی هاوڵاتی بەدامەزراوەکانی دەسەڵات و دامەزراوەکانی تایبەت بە ڕووبەڕووبونەوەی ماددەی هۆشبەر لاواز دەکات و دەیانخاتە ژێر پرسیارەوە.

## بەشی دووەم: ڕێگاکانی هاتنی ماددەی هۆشبەر بۆ ناو هەرێمی کوردستان

لەم بەشەدا باس لەگرینگ ترین ڕێگاکانی هاتنی ماددەی هۆشبەر بۆ ناو هەرێمی کوردستان، کاریگەریەکانی ماددەی هۆشبەر لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایشی باس دەکرێت.

تەوەری یەکەم: ڕێگاکانی هاتنی ماددەی هۆشبەر بۆ هەرێمی کوردستان ئەم تەوەرە چەندین لقی جۆراو جۆر لەخۆدەگرێت ئەمانەن

### لقی یەکەم: ڕێگاکانی هاتنی ماددەی هۆشبەر بۆ ناو هەرێمی کوردستان

١- بەگشتی ماددە هۆشبەرەکان لەمەرزەکان و خاڵە سنووریەکان دەهێندرێنە ناو هەرێمی کوردستان لێرەدا هەندێ شار، شارۆچکە بوونەتە مەڵبەندێک بۆ بازرگانی و دەست کەوتنی ماددە هۆشبەرەکان، قەزای چۆمان و ناحیەی قەڵادزێ چەندان مەرزی هەیە وەکو کێلێ، قندۆڵ، شێنێ، زەڵێ کە بە ئاسانی ماددەی هۆشبەر لەم مەرزانە دەهێندرێنە ناو هەرێمی کوردستان ئەمەش بەهۆی نەبوونی چاودێریکردنی سنوورەکان بەهۆی سەختی و شاخاویی ناوچەکان، جگە لە بەردەوامی تۆپ بارانکردنی ئێران و تورکیا بە بیانووی هەبوونی پێشمەرگەکانی دیموکرات و زەحمەتکێشان و پەکەکە، هەبوونی کەسانی دەست ڕۆیشتوو لەم ناوچانە کار ئاسانی بۆ بازرگانان دەکەن لەچاو پۆشی کردنی هێنانی ماددەی هۆشبەر بۆ هەرێمی کوردستان ئەمانەش زیاتر بە کۆڵەپشت یاخود گواستنەوەیان لەڕێگەی ئەسپەکان دەبێت.[2]

لە ساڵی(٢٠٢١) بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە پارێزگای سلێمانی دەستیان بەسەر(٤٤)دانە پەرتووک و مەلزەمەدا گرتووە بۆ مەبەستی خوێندن و زانست ئامادە نەکراون، بەڵکو سەرجەمیان بە ماددەی هۆشبەری جۆری کریستاڵ ڕووپۆش کرابوون، لەگەڵ چەند کەل وپەلێکی دیکەی وەک تەختەی تاوڵە، چوارچێوەی وێنەی قورئان،

---

(1)بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر دەستگیرکردنی سێ کەسی ڕاگەیاند(2024/11/25)، > :Availableat video /https://www.facebook.com/Asaishy.hawler(2025/6/11). Last visite.

(2)لقمان صالح کریم، هۆکارو جێکەوتەکانی خراپ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، ماستەر نامە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٢٩.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

پسکویت، کومبار و بۆیلەر، کە هەوڵدراوە لەڕێگەی کۆمپانیایی گەیاندنەوە بنێردرێن بۆ ئەوروپا لەناو ئەم کەل و پەلانە ماددەی هۆشبەریان تیا حەشاردراوە.[1]

٢- ڕێگای دووەم: هاوڵاتیانی دانیشتووی ناوچە جیاوازەکانی عێراق ئەمەش لەبەر گرانی نرخی مادده هۆشبەرەکان یاخود زەحمەت دەست کەوتن و درەنگ دۆزینەوەی ئەو کەسانەی ماددەی هۆشبەر دەفرۆشن، یاخود نەبوونی متمانە بەو کەسانەی کە ماددەی هۆشبەریان لێدەکڕن، ئەم هۆکارانە وادەکات بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر بە چەندین ڕێگای جۆراو جۆر و شاردنەوەیان لەگەڵ خۆیان ئەم ماددانە بهێنن بۆ ناو هەرێمی کوردستان.[2]

٣-ڕێگای سێ یەم: هاتنی مادده هۆشبەرەکان بۆ هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانیە زۆرجاران بازرگانان هەوڵیان داوە لەڕێگەی جۆراوجۆر بە حەشاردانی ماددەی هۆشبەر لە ناو کەل و پەلی جۆراو جۆر تاوەکو گومانی دۆزینەوەیان لێنەکرێت بهینن بۆ هەرێمی کوردستان یاخود وەک ترانزێت سوودی لێ ببین.[3]

## لقی دووەم: سیاسەتی هەرێمی کوردستان لە بەرەنگاربوونەوە و ڕۆژی جیهانی مادده هۆشبەرەکان

کۆمیسیۆنی مادده هۆشبەرەکان و تاوان بە بڕیاری(٩ط)ی ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ساڵی(١٩٤٦)دامەزراوە بۆ یارمەتیدانی ئەنجومەن لە سەرپەرشتی کردن وجێ بەجێ کردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە کۆنترۆڵکردنی مادده هۆشبەرەکان و بازرگانی کردن پێیان، ئەنجوومەنی گشتی لە بڕیارنامەی(١١٢/٤٢)لە کانوونی یەکەمی(١٩٨٧)تیایدا ڕۆژی(٢٦ی حوزەیران)ی وەک ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان ناساند و بڕیاریدا هاوکاری و کردەوە نێودەوڵەتیەکان بەهێزتر بکات بۆ گەیشتن بە ئامانجی کۆمەڵگەیەکی نێودەوڵەتی بێ ماددەی هۆشبەر.[4]

لەپشت دامەزراندنی هەر دامەزراوەیەک لەهەرێمی کوردستاندا ئامانجێکی دیاری کراو و سیاسەتێک هەیە، دامەزراوەی نیشتیمانی بەشیوەیەکی فراوان دەسەڵاتەکانی لەناو کۆمەڵگەدا دابەش دەکات و سنوورداری دەکات، لەم کۆمەڵگایانە دەسەڵات لەدەستی تاک یان گروپێک نیە زۆرینەی ڕەوایەتی بە دەسەڵات دەدات، ئامانج لەم دامەزراوانەی حکومەت بریتیە لەجێ بەجێ کردنی سیاسەتەکانی کە بەرنامە و پیلانی بۆ داڕشتووە، هەر بۆیە مەبەست لە دامەزراوەکان سوود مەندبوونی کۆمەڵگەیە لەپلان و خزمەتگوزاریەکانی دەسەڵات[5] ،یەکێک لەسیاسەتەکانی هەرێمی کوردستان تایبەت بەڕووبەڕوونەوەی ماددەی هۆشبەر دانانی لیژنەی باڵای نەهێشتنی ماددەهۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵیەکانە، گرینگ ترین کاری ئەم لیژنەیە دانانی سیاسەتی گشتی یە بۆ هاوردەکردنی هەر جۆرە ماددەیەکی هۆشبەر و پێشینەی کیمیایی لەهەناردەکردن، گواستنەوە، بەرهەم هێنان، چاندن، دروست کردن، شیکردنەوە، خاوبوونەوە، بەدەستهێنان، بازرگانی پێکردن، ڕادەستکردن، نوسینی ڕاچێتەی پزیشکی، پێدانی بەدەرمانخانەکان لە هەر یەکێک لەم کردارانە بۆمەبەستەکانی پزیشکی، زانستی، پیشەسازی بێت بەو مەرجەی دەبێت بەپێی مۆڵەتی وەزارەتی تەندروستی لە چوار چێوەی سیاسەتی گشتی هەرێمی کوردستان بێت.[6]

هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕووبەڕوو بوونەوەی مادده هۆشبەرەکان بریتی یە لە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی پارێزراو لە ماددەی هۆشبەر، ئەمەش لە ڕێگەی دامەزراندنی دامەزراوەی تایبەت بە ڕووبەڕووبونەوەی ماددەهۆشبەرەکان و کارکردن بە بڕگەکانی یاسایی ژمارە(١)ی ساڵی(٢٠٢٠)کە هەموارکراوی یاسایی ژمارە(٣)ی ساڵی(٢٠٠٥) تایبەت بەهەرێمی کوردستانە، هەڵبەت ڕێکارەکان و مادده یاساییەکانی لەسەر تاوانی ماددەی هۆشبەر زۆر توندکردووە تاوەکو ئاستی

(1)هاوکار ڕەفیق ڕەحمان، هەڕەشەی ماددەهۆشبەرەکان لەهەرێمی کوردستان و ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوە، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە١٠، سلێمانی،ل٥٤.

(2)پەستان غفوری، ماددەی هۆشبەرو کاریگەریە خراپەکانی، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە(٥٢٨٦)، ٢٠٢١، ل٣.

(3)هاوکار ڕەفیق ڕەحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

(4)مەهدی بەدری، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠.

(5)ئەکرەم ئیسماعیل فەقێ، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣.

(6)هیوا دهام سلطان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠.

سزادان بەزیندانی کردنی تا هەتایی و لەسێدارە دان بۆ بازرگانانی ماددەی هۆشبەر، ئەمە جگە لە سزایی دارایی تاوەکو(٩٠،٠٠٠،٠٠٠)ملیۆن دینارە[1]، لەهەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەردەوام چالاکی و سیمیناری جۆراو جۆر پێشکەش دەکرێت بە ئامانجی کەمك ردنەوەی مەترسیەکانی ماددەی هۆشبەر لە نێو سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بەتایبەتیش شیکردنەوە و باسکردنی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی(٢٠٢٠)ی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر ڕوونکردنەوەی سزاکان و پێ بژاردنەکانی ئەم یاسایە.

[1] یاسای ماددەهۆشبەرەکان هەموار دەکرێتەوە سزای هەتاهەتایی دەگۆڕێت بۆ لەسێدارەدان Availableat (29/9/2024) https://www.zagros news agency. (2024/9/29)(22/4/2025) Last visited.

[1]

لێرەدا گۆڕینی یاسا بەر کارەکانی تایبەت بەم بوارە و زیادکردنی سزا و چاو پۆشی نەکردن لە هیچ کەسێك و جێ بەجێ کردنی یاسا وەکو خۆی و کردنەوەی خولی هۆشیار کردنەوە و بڵاوکردنەوەی نامیلکە و ووٚرك شۆپ و گەڕانی مەیدانی و دابینکردنی کەسانی شارەزا و پسپۆڕ لە بەندیخانەکان بۆ کەسانی ئالوودە بوو، تاوەکو دوای گەڕانەوە بۆ نێو کۆمەڵگە هەست بە زیان و کاریگەریە خراپەکانی ماددە هۆشبەرەکان بکەن و نەگەڕێنەوە سەر هەمان کار، جگە لە کردنەوەی خولی فێرکاری پیشەیی و کردنەوەی قۆناغەکانی خوێندن لە چاکسازیەکان، لەگەڵ داڕشتنی پلانی ساڵانەی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی هۆشیاری گشتیی سەبارەت بە مەترسیەکانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان یان بازرگانی پێکردن، هەروەها هاندان و هاوکاری کردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لایەنی پەیوندی دار بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و لێکۆڵینەوە لە بوارە جیاجیاکانی تایبەت بە نەهێشتنی بەکارهێنان و بازرگانی پێکردن بە ماددە هۆشبەر و کارتێکارە عەقڵییەکان ئەمەش دەرخستەی ئەو ڕاستی یە کە هەرێمی کوردستان بە هەموو شێوازێک هەوڵدەدات ماددەی هۆشبەر کە ناسراوە بەتیرۆری سپی بەرەنگاری ببێتەوە.[2]

**تەوەری دووەم: کاریگەریەکانی ماددە هۆشبەرەکان لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان گریگترین ئەو کاریگەریانە دەخرێنە ڕوو لەچەند لقیکدا کە ماددەی هۆشبەر هەیەتی لەسەر ئاسایشی سیاسی ، ئاسایشی ئابووری، ئاسایشی ژینگەیی، ئاسایشی سەربازی.**

## لقی یەکەم: ئاسایشی سیاسی

ئاسایشی سیاسی بەگشتی یەکێک لە دیارترین سیماکانی پێشکەوتوویی هەر کۆمەڵگایەک و زەمینەسازیی گەشەکردن و ئارامیی دادەندرێت، ئاسایشی سیاسی کاریگەری سەرەکی هەیە لەسەر هەموو ڕەهەندەکانی تری ئاسایش، نەبوونی سەقامگیری هەڕەشە یە لەسەر پاراستن و مانەوەی ووڵات، سەقامگیری سیاسی بەشێکی گرینگی ئاسایشی سیاسیە کە ڕەوایەتی بەسیستەمی سیاسی دەدات، خاڵی پشکنینی نێوان پارێزگاکانی هەرێم بۆ ڕێگریکردن لەگواستنەوە و بازرگانی کردن بە ماددەی هۆشبەر و کەل و پەلە قەدەغەکراوەکان کاریگەری هەیە لەسەر ناجێگیری سیاسی و نەبوونی یەکگترووی و گەندەڵی هەڕەشە و مەترسین لەسەر سەقامگیری سیستەمی سیاسی.[3] ئاسایش بە پێداویستی سەرەکی و ئامانجێکی بنەرەتی مرۆڤ ئەژمار دەکرێت، بە شێوەیەک کە بە نەبوونی ئاسایش ئارامی و دڵنیایی مرۆڤ لەنێو دەچێت و دڵەڕاوکێ و بێ متمانەیی و نائارامی دێتە ئاراوە، لەم ڕووەوە بەدیهێنانی زۆرێک لە پێویستیەکانی مرۆڤ بەندە بە دابینکردنی ئاسایش، کە بابەتێکی بنەڕەتیە لە هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا، ووڵاتانی جیهان دابینکردنی ئاسایش لە کۆمەڵگادا بە ئەو لەویەت و ئەرکی سەرەکیی خۆیان ئەژماری دەکەن بوونی ڕێژەیەکی زۆری ئالوودەبوون لەکۆمەڵگەیەکدا هەستکردنە بە نائارامی بە پێچەوانەوە ئالوودەبوونی کەم هەستکردن بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی.[4] بازرگانی کردن بە ماددە هۆشبەرەکان وەک مەترسییەک لەسەر ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەوڵەت ناسێندراوە کاتێک کە هەڕەشەی جۆرەکانی ماددەی هۆشبەر

---

(1)-حکومەتی هەرێمی کوردستان | وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، پێشمەرگە لە مەترسییەکانی ماددەی هۆشبەر هۆشیار دەکرێتەوە(2025/4/28).Last visite Availableat: < https:// www.gov.krd/molsa.com (2021/5/18)

(2)لەزانکۆی جیهان-هەولێر، زیان و کاریگەرییەکانی ماددە هۆشبەرەکان(2024/11/25) Availableat https://www.cihanuniversity.edu.iq.Last visited (22/4/2025)

(3) (3)-د.بارزان جوهر صادق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣-١٠٤.

(4)د.لخضر غول، المخدرات والمجتمع، الطبعة الاولى، المطبعة موجهة، الجزائر، ٢٠٢٠، ص ٢٨.

*ڕیچارد نیکسۆن Richard Nixon لەدایکبووی ١٩١٣ – ٢٠١٤ (٣٧مین سەرۆککۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) بوو لە ١٩٦٩ تاکوو ١٩٧٤. ڕیچارد نیکسۆن تاکە سەرۆککۆماری ئەمریکایە کەوازی لەپۆستەکەی هێنابێت. ڕیچارد ٣٦مین جێگری سەرۆککۆماری ئەمریکابوو لەماوەی ١٩٥٣ تاکوو ١٩٦١ ئەمەش کاتێک جێگری دوایت ئایزنهاوەر بوو.

کەوتە ڕیز بەندیی لیستی قەدەغەکراوی هاوردەی دەرەکی، ماددەی هۆشبەر بوو بە بابەتێکی ئاسایشی مەترسیدار کە پێویست بوو بەرەنگاری ببینەوە، ئەم بابەتە بەیاننامەی جەنگ دژی مادده هۆشبەرەکان لەلایەن(ڕیچارد نیکسۆن) سەبارەت بەوەی کە ماددەی هۆشبەر مەترسی یە لەسەر ئاسایش، گۆڕەپانی سیاسەتی ناوخۆ، کەرتی تەندروستی، پەروەردە، لە هەمان کاتدا هۆکارێکە بۆ زیادبوونی ڕێژەی تاوان ناسەقامگیری و بەشداری نەکردنی چینی گەنجان لەبوارەکانی سیاسی و هەڵبژاردنەکان و کەم بونەوەی ئاستی پاڵپشتی کردنی سیاسی.[1]

## لقی دووەم: ئاسایشی ئابووری

بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان کاریگەریی جۆراو جۆری لەسەر ئاسایشی ئابووری هەیە ئەو زیانانەی بەهۆی بەکارهێنان وبازرگانی کردن بە مادده هۆشبەرەکان توشی دەبن، بەهۆی دابەزینی بەرهەمهێنانە یان زیادبوونی خەرجی حکومەتە بۆ ئاسایش و دادوەری و دامەزراوەکانی ڕووبەڕوو بونەوەی ماددەهۆشبەرەکان[2] ،ئەمە جگە لە وەی ووزەیەکی زۆری سەرمایەی هێزی کاری مرۆڤ دەچێتە ناو ئەم بەندینخانە، وە پێویستیان بە خەرجی زۆر هەیە بۆ نەخۆشخانە و چارەسەری ئالوودەبوون، زۆرێک لەو خێزانانە ناچار دەبن بۆ بە دەست هێنانی ژیانی ڕۆژانەیان پشت بەکارکردنی منداڵەکانیان دەبەستن لە خوێندن بێ بەش دەبن و ناچار بەکارکردن دەبنەوە.[3] بۆمان دەردەکەوێ کە جێکەوتەکانی بەکارهینانی ماددەهۆشبەرەکان هەمە جۆرن تەنیا خۆیان لەوە نابیننەوە مرۆڤ لەڕووی تەندروستی یەوە نەخۆش بخەن بەڵکو کاریگەری لەسەر لایەنی ئابووری تاک و کۆمەڵگە جێ دەهێڵن هەر لە خەرجی زۆر بۆ کڕین و بەدەست هێنان و گرتنە بەری شێوازی جۆراو جۆر بۆدەست خستنی ئەم ماددانە وەکو دزین و فرۆشتنی کەل و پەلی ناو ماڵ، کەسی ئالوودەبوو دەبێتە کەسێکی مشەخۆر و ناتوانێت بەئاسانی بژێوی خۆی و خێزانەکەی دابین بکات بەمەش کاریگەری لەسەر داهاتی خۆی و خێزانی دەبێت و هەنگاو بەرەو هەژاری دەنێت[4]،ماددەی هۆشبەر هۆکارێکە بۆ دەست کەوتنی پارەی ناشەرعی لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەت، ماددەی هۆشبەر دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی نایاسایی و قاچاچچی و زیادبوونی جیاوازی کۆمەڵایەتی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا و کەمبوونەوەی داهاتی گەنجینەی وولات لە داهاتی باج، ماددەی هۆشبەر بە سەرچاوەیەکی گرنگی دارایی تیرۆر دادەندرێت.[5]

## لقی سێ یەم: ئاسایشی سەربازی

مادده هۆشبەرەکان کاریگەریان لەسەر ئەداو دسپلینی سەربازی هەیە، کۆی ئەو هەڕەشە و مەترسیانە دەگرێتەوە کەدەشێت بەکارهێنان و بازرگانی کردن بەماددەی هۆشبەر لەسەر قەوارەی ئاسایشی نەتەوەیی دروستی بکات و بە بۆمبی چێنراو پێناسەی دەکەن، هۆکارێکی سەرەکیە بۆ داڕمانی بەها و ئەخلاق و جەستە و تەندروستی دەبێتە هۆی داڕمانی کۆمەڵگا بە تایبەت لەسەر دامەزراوە سەربازییەکان ئامانجی سەرەکیان دەبێت پاراستنی ئاسایش بێت.[6] بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان، بەتایبەتی ئەوانەی لە دامەزراوەی سەربازیدا کاردەکەن، بەئاسانی دەتوانن هەندێ جۆر تاوان

(1)د.بشرى حمد الدبيخي، دور المواقع الالكترونية فى تعزيز الامن السياسي فى الجمتمع السعودي، مجلة مستقبل العلوم الاجتماعية، الرياض، المجلد(١٣)، العدد(الاول)، ٢٠٢٣، ص١٩٢.

(2)-د.نغم حسين النغمه، تداعيات وانعكاسات ظاهرة المخدرات على تحقيق التنمية المستدامة، المجلة الريادة للمال والاعمال، جامعه النهرين، بغداد، المجلد(٥)، العدد(الخاص)، ٢٠٢٤،ص ٣.

(3)باسمه كزاز حسن، أثر المخدرات على الأمن الاقتصادي في البصرة، مجلة للعلوم الاقتصادية والادارية، جامعة البصرة، المجلد(٩)،العدد(٢٧)،٢٠١٤،ص٤٧.

(4)لقمان صالح كريم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١.

(5)د. حمدى احمد عمر على، تعاطى وإدمان المخدرات وتأثيرهما على تحقيق أهداف وبرامج التنمية، المجلة كلية الاداب، المصر، العدد(٥٥)، ابريل٢٠٢٢، ص٥٣٤.

(6)- لقمان صالح كريم، سەرچاوەی پێشوو، لا١٠١.

ئەنجام بدەن ئەمەش بەهۆی جۆری پیشەکەیان، کارمەندانی سەربازیی سەر بە وەزارەتەکانی ناوخۆ و بەرگری جیاوازیان لەگەڵ کەسانی ئاسایی کەمتر گومانی بەکارهێنان وبازرگانی و گواستنەوەی ماددەی هۆشبەریان لێدەکرێت لەخاڵەکانی پشکنین و هاتوچۆکردنیان.[1] کەسی بەکاربەری ماددەی هۆشبەر لەکەسێکی ئازاد و چالاکەوە دەکاتە کەسێکی کۆیلە و ملکەچ بەجۆرێک لەتوانایدا نامینێت سوود بە خۆی بگەیەنێت و بەرگری لەخۆی بکات چ جا خێزان و کۆمەڵگەکەی، زۆرتر چینی گەنج کە بە سەرمایەی وولات دادەندرێن ئالوودەی ماددەی هۆشبەر دەبنەوە مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دروست دەکەن، زۆرجاران مادده هۆشبەرەکان بە تیرۆری سپی و ئەنفالی بێدەنگ ناوی دەهێندرێت[2] ،یەکێک لەکاریگەریەکانی ماددەی هۆشبەر ئەوەیە کەسی ئالوودەبوو دەگۆڕێت بۆ کەسێکی شەڕانگێز ئارەزووی بەهێزی دەبێت بۆ بە دەستهێنانی ماددەی هۆشبەر یان ئەو پارەیەی کە پێویستە بۆ کڕینی، جگە لەوە ماددەی هۆشبەر بەکارهێنەر دەکاتە کەسێکی خۆگۆڕ و حەز لە گۆشەگیر، ئەمە جگە لە وەی لە هەندێک حاڵەتدا دوژمن هەوڵدەدات بە پارەدان نهێنی یە سەربازیەکانی ووڵاتان بەدەست بهێنێت و دەرهێنانی زانیاریەکان و گرێبەستی قاچاغچێتی و بازرگانی کردن لە سنوورەکانەوە زۆربەیان بەو ڕێگایە بەدەست دێت.[3]

## لقی چوارەم: ئاسایشی ژینگەیی

ژینگە(Environment) بریتییە لەو ناوەندە سروشتیە هاوسەنگەی کە زیندەوەران بە هاوسەنگی تێیدا دەژین، پێشکەوتنی مرۆڤایەتی مەترسی خستە سەر ژینگە و نەیتوانی زاڵ بێت بەسەر ئەو گۆڕانکاریە گەورانەی کە مرۆڤ لە ماوەی ئەم چەند سەدەیەی دواییدا دروستی کرد، داهێنانەکانی مرۆڤ لە بەکارهێنان و دەرهێنانی کانزاکان و مادده کیمیایەکان بوونە هۆی بەرز بوونەوەی ڕێژەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و پلەی گەرما و پیس بوونی سەرچاوە ئاویەکان کە هاوسەنگی ژینگەی شێواند و سروشتی زەوی گۆڕی[4] ،یەکێک لەو هۆکارانەی کاریگەری لەسەر تەندروستی مرۆڤ هەیە ژینگەیە گرینگترین ڕەگەزەکانی ژینگە ئاو و هەوا و خاکە کە ژینگەی سەرزەوین، ژینگەی ژێر زەوی نوێنەرایەتی بەروبوومەکان دەکات و ئەم ژینگەیە بەستراوەتەوە بە ئاو کە بنەمای ژیانە، بە لە ناوبردنی مادده کیمیایەکان و تێکەڵ بوونیان بەئاوەڕۆکان بە هۆکاری پیس بوونی ژینگەی ژێر زەوی دادەندرێن.[5] پێکهاتەی کیمیایی کاریگەری خراپی هەیە لەسەر ژینگە بەهۆی بەکارهێنانیان لەدروست کردنی ماددەی جۆراو جۆرو لە ناوبردنیان چونکە دوکەڵی پێکهاتە کیمیایەکان بەکانزا ژەهراویەکان دادەندرێن بەتێکەڵ بوونیان لەگەڵ ژینگە کاریگەری نەرێنیان دەبێ لەسەر تەندروستی مرۆڤ و کۆمەڵگە، یەکێکی تر لەزیانەکانی ماددەی هۆشبەر بۆ سەر ژینگە کێڵانی زەوی کشتوکاڵی یە کە تەرخان دەکرێت بۆ چاندن و بەرهەم هێنانی ماددەی هۆشبەر، کە ڕووبەری زەوی بەرهەم هێنان کەم دەکاتەوە مەترسی لەسەر ئاسایشی خۆراک دروست دەکەن.[6]

ئەو مادده کیمیاییانەی بەکاردێن لەقۆناغەکانی دروستکردنی ماددەی هۆشبەر و لە ناو بردنیان هۆکارن بۆ پیس بوونی ژینگە کە لە ناو ئاو و ئاوەرۆکان فڕێ دەدرێن و کاریگەری لەسەر ئاوی نیشتوو و سەرزەوی و ژێرزەوی دەبێت، هەندێ ماددەی هۆشبەری دەستکرد هەن لە چەندین جۆر ماددەی کیمیایی و دوای تێپەڕاندنی چەندین قۆناغ دروست دەکرێن،

(1)د.نجلاء كامل سالم و سمر سعدى خميس، المخدرات والامن الصحى دراسه تحليلة من منضور الخدمة الاجتماعية المجله جامعة المستنصرية، بغداد، المجلد(٢)، العدد(١٠٥)،٢٠٢١، ص٥١.

(2)ميس خليل عوده، الامن الاجتماعى و دورة فى الحد من ضاهرة المخدرات، مجلة لغة كلام،جامعة النجاح، فلسطين، المجلد(٦)، العدد(١)، ٢٠٢٠، ص٧١.

(3)د.لخضر غول، مصدر سابق، ص١٨.

(4)اسراء طالب جاسم، تحليل مكاني لتراكيز ملوثات الهواء فى مدينة المسيب وتأثيراتة الصحية، رسالة الدكتورا، كليه التربية للعلوم الانسانية، جامعة كربلاء، ٢٠٢١،ص٣٧.

(5)مصباح عمر التائب، مفهوم البيئه وعناصرها، مجلة الحق، كلية القانون جامعة بنى وليد، ليبيا، المجلد(٢)، العدد(٧)،٢٠١٩،ص١٢٢.

(6)عەزیز ئەحمەد ئەمین، کیمیای ژینگە پیسبوونی ئاووهەوا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩،ل٢٣.

لەکاتی لەناوبردنی مادده کیمیایەکان شی دەبنەوە و دەبنە هۆکاری پیس کردنی هەوای ئەم ناوچەیە لە ئەنجامدا مرۆڤ و گیانلەبەران بەکاری دەهێنن.[1]

چاندنی ئەو بەروبوومانەی کە لە دروستکردنی ماددەی هۆشبەردا بەکاردەهێنرێن، وەک کۆکاین و تلیاک و ماریجوانا دەبنە هۆی بڕینی داری دارستانەکان و پاککردنەوەی زەوی، کاریگەری لەناو چوونی ئیکۆسیستەمەکان و لەدەستدانی جۆراو جۆری بایۆلۆجی دەبێت، هەروەها ئەو مادده کیمیاییانەی کە بۆ دروستکردنی ئەم دەرمانانە بەکاردەهێنرێن هەوا و ئاو و ژینگە پیس دەکەن و مەترسی لەسەر ژیانی کۆمەڵگا زیندووەکان دروست دەکەن، ئەو مادده کیمیاییە ژەهراویانەی کە لە دروستکردنی دەرمانەکاندا بەکاردەهێنرێن بەشدارن لە پیسبوونی ژینگە و ئاسایشی تەندروستی.[2]

## تەوەری سێ یەم: کاریگەری ماددەی هۆشبەر لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی  هەرێمی کوردستان

چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی وەك زۆرێك لە چەمکەکانی دیکەی بواری زانست و توێژینەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، فرە ڕەهەند و فرە واتایە، ڕەگ و ڕیشەی چەمکەکە بۆ سەدەی 17ی جەنگەکانی بەریتانیا و جەنگی ناوخۆیی ئەو وولاتە وەك یەکێك لە دەرەنجامەکانی ئاشتی وێستیڤاڵیا دەگەڕێتەوە کە ئەو بیرۆکەیەی هێنایە کایەوە کە دەوڵەت نەتەوە نەك تەنیا بەسەر دۆخی ناوخۆی وڵات، بەڵکو کۆنترۆڵی بەسەر ئاسایشی دەرەوەی وولات یشدا هەیە.[3]

ئاسایشی نەتەوەیی چی دەگەیەنێت؟ ئەو پرسیارە بووە بەجێگای مشت ومڕ و لێکۆڵینەوەی زۆرێک لە زاناکانی بواری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و پسپۆڕانی ئاسایش، سەرەڕای ئەمە تاوەکو ئێستا پێناسەیەکی گشتگیر و سیستماتیک بۆ ئاسایش بەگشتی و ئاسایشی نەتەوەیی بوونی نیە کە هەموو زانایان و پسپۆران لەسەری کۆک بن وەک پێناسەیەکی جیهانی بیناسێنن چونکە چەمکی ئاسایش بەردەوام لە نوێ بونەوە دایە، بەمەش بەرەو ڕووی هەر هەوڵدانێک دەوەستێتەوە بۆ پێشکەشکردن، سەرەڕای ئەمەش بە درێژایی مێژوو ئاسایش وەک چەمکێکی پۆزەتیف سەیر نەکراوە لە لای ڕیالیستەکان ئاسایش هاو واتایە لەگەڵ چەمکەکانی هێز، ستراتیژی، لەمڕۆدا ئاسایشی نەتەوەیی بوارێکی فراوانتری لە خۆ گرتووە لە پاراستنی هاوڵاتیان لەو مەترسیانەی ڕووبەڕووی سەر و ماڵیان دەبنەوە، ئەم قۆناغە فراوان دەبێت بۆ پاراستنی قەوارەی وولات و میکانیزمی پاراستنی سنوورەکان و نهێنی یەکان و پێکهاتەی چەکداری و سەربازی و ئابووری کە شوێنی تایبەتی خۆیان هەیە لەناو چوار چێوەی ئاسایشی نەتەوەییدا.[4]

### لقی یەکەم: ماددەی هۆشبەر و تاوانە ڕێکخراوەییەکان

لەمڕۆدا ماددەی هۆشبەر بۆتە دیاردەیەکی نێودەوڵەتی هەڕەشەیەکی زۆری دروست کردووە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی وولاتان، بۆ ئەم مەبەستە وولاتان سەرچاوەی ماددی و نامادی تەرخان دەکەن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو دیاردەیە کە بۆتە مەترسی لەسەریان، بەشیوەیەکی گشتی زۆربوونی ماددەی هۆشبەر بریتییە لە هەست کردن بە ترس و تۆقاندن لە شوێن و کاتێکی دیاریکراو، هەموو کارێکی سەربازی و تووند و تیژی و لە خۆدەگرێت کە مەرج نیە لە لایەن دەوڵەتانەوە بێت، بەڵکو ڕەنگە لە لایەن کەسێک یان چەند کەسێک بێت کە گروپی گەورەو باندی مەترسیان پێک هێناوە بۆ ئەو

---

(1)حمدی عمر احمد، مصدر سابق، ص٥٤٢.

(2)د.نغم حسين نغمة، تداعيات وانعكاسات ظاهرة المخدرات على تحقيق التنمية المستدامة، مجلة الريادة للمال والاعمال، جامعة نهرين، بغداد، المجلد(٥)، العدد(خاص)،٢٠٢٤، ص٢.

(3)- Availableat: < .un.org/en/chronicle/article/national-security-versus-global)last visited(2025/6/23) https://www

(4)د.نجدت صبری ئاکرەیی، ئاسایشی نەتەوەیی و ڕەهەندەفراوانەکان، چاپخانەی دانیشڤەر، چاپی یەکەم، دهۆک، ٢٠٢٢، ل٨.

مەبەستە، ئامانجیان تێکدانی ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵگایە[1] ،هۆکارە سیاسیەکان و هەژاری دوو هۆکاری سەرەکین هەندێ ووڵات وەک ئامراز بۆ زۆربوونی ماددەی هۆشبەر لە ووڵاتانی تر بەکاری دەهێنن، بۆیە سەرەڕای هۆکارە سیاسیەکان، دەوڵەتان پێویستە سەرچاوەی مرۆیی دەستەبەر بکەن تاوەکو ڕێگا بگرن لە گەشەکردن و پەرەسەندنی دیاردەی ماددەی هۆشبەر.[2]

بەشێوەیەکی گشتی ماددەهۆشبەرەکان کاریگەری لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی گشتگیرە ئەمەش هەرێمی کوردستان و تەواوی ووڵاتانی جیهان هان دەدات کە بەدوا داچوون بکەن بە مەبەستی چارەسەرکردن و ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم دیاردەیە بەپشت بەستن بە یاسا نێوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان، بۆیە لە ڕووی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاوە دەبێت گرینگی زیاتر بە میکانیزمەکانی بەدواداچوون و ئامێرەکانی هاتوچۆ بدرێت، لە بەرئەوەی ئەم ئامێرە پێشکەوتوانە تاڕادەیەک ڕۆڵیان لەم بوارەدا هەیە، ماددەی هۆشبەر لە دەوڵەتانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتینی بەرهەم دەهێندرێت لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست وەکو ووڵاتانی ئەفغانستان و ئێران و تورکیا و میسرو پاکستان ، ئەم بازرگانیەش پەیوەستە بە کاری سیاسیەوە بەتاوانی ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی دادەندرێت و پرۆشکی ئەم ماددانە گەیشتۆتە هەرێمی کوردستان، هەرچەندە ئەم ماددە هۆشبەرانە لە هەرێمی کوردستان بەرهەم نەهێندراوە بەڵام وەکو دەروازەیەک بۆ تێپەڕ بوونی ماددەی هۆشبەر بەکاردێت ئەمەش لە ووڵاتانی وەکو ئەڤغانستان و ئێران بۆ ووڵاتانی تر هاوردە دەکرێت، لەلایەکی ترە وە ووڵاتانی وەکو سوریا، ئێران، تورکیا، هەوڵدەدەن ماددەی هۆشبەر ڕەوانەی هەرێمی کوردستان بکەن بەمەبەستی ساغکردنەوە و گواستنەوەیان[3] ،ووڵاتانی دراوسێی عێراق بەتایبەت ئێران ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان لە یەکگرتوویی عێراقدا دەبیننەوە عێراقێك کە کوردستانی تێدا بەلاوازی بمێنێتەوە یان بتوێتەوە، عێراقێکی یەکگرتوو لە حاڵەتی بەردەوامیی ئەم فرەییەی ئێستای کەمترین هەڕەشە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئێران دروست دەکات[4] ،لەبەر ئەوەی چینی مام ناوەند شوێن گرینگی لەناو کۆمەلگە هەیە بەڵام گەنجێکی سەر بەم چینە ئەگەر بێکار و ئیش بێت هەر هەژار هەژمار ناکرێت کاتێک ئالوودەی مادەی هۆشبەر دەبێت داهاتوویەک بەناوی خێزان و بنەماڵە لە دونیایدا ون دەبێت و بە خەیاڵیدا نایەت ئەمەش مەترسیی کۆڵەکە سەرەکیەکەی کۆمەڵگایە، مادەی هۆشبەر بکەوێتە هەر ووڵات و کۆمەڵگایەک وەک مادەیەکی ئەتۆمی کوشندەیە کە گەڕانەوەی کۆمەڵگا بۆ ڕاستە ڕێگاکەی ئەستەم دەکاتەوە، لەلایەکی ترەوە ئالوودەبوون بە مادەی هۆشبەر هاوتایە بەدەست شۆردن لە هەموو بەها و نۆرم و تێڕوانینە باوەکانی کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی، کەسێک ئالوودەی مادەی هۆشبەر بێت بۆ پەیداکردنی ئەو مادەیە سڵ لەکوشتن و ئەنجامدانی هەموو تاوانەکان ناکاتەوە، تێکەڵی کۆمەڵێک کاری نادروست و تاوانی قەرەبوو هەڵنەگر دەبێت، تێکەڵی کاری تاوانبارانەی ڕێکخراو و باند و مافیایی دەبێت.[5]

کوردستان بۆپیلان گێڕی ئاسانە ئەو ووڵاتانەی ساڵانێکە سەربەخۆن و پیلان و ستراتیژیەت و سووپا و کیان و ناسنامەی سەربەخۆ و پارێزراوی خۆیان هەیە، ئەم ووڵاتانەش تووشی ئاڵێنگاری و ئەم قەیران و مەترسیە دەبن، کوردستانێک کە ڕۆژێک بەغدا پلانی بۆ دادەنێت، ڕۆژێک ئێران و تورکیا و ڕۆژێک زلهێزەکان پشتی تێدەکەن، ئەمە پێمان دەڵێت ئەگەر ئێمە ناوەندی ڕووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاریمان دژی وەها مەترسیەکی کوشندەمان نەبێت ئاسان تر لە هەموو ووڵاتانی دونیا

(1)کارزان احمد عمر، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.

(2)کەنار جمیل تەها، تیرۆروتاوانەڕێکخراوەییەکان وکاریگەریان(2024/9/23)(2025/6/26)(chawykurd.com.Lastvisite.
Availableat: < https://www

(3)-د.نجدت صبری ئاکرەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٥-٢٠٦.

(4)هەورامان فەریق، چەمکناسی ئاسایشی نەتەوەیی، وەرزنامەی ئێرانناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ژمارە(٩)، ساڵی سێیەم، سلێمانی، ل٢٣٤.

(5)د. محمود علم الدين، مصدر سابق، ص ٤٠٧.

کۆمەڵگاکەمان دەکەوێتە مەترسیەوە، زۆر بوونی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان پێویستی بەداڕشتنەوەی سیاسەتێکی گشتگیر و هەرەوەزیەکی کۆمەڵایەتی، کولتووری، نیشتیمانی و مرۆڤایەتی لە هەموو ئاستەکاندا هەیە.[1]

## لقی دووەم: ئاسایشی سایبەری و تیرۆرزمی سایبەری لەکایەی سەربازی و زانیاری

ئاسایشی ئەلیکترۆنی بەشێکی گرنگە لە ئاسایشی نیشتمانی هەر وولاتێک و لەم سەردەمە دا هیچ وڵاتێک، هیچ حکومەتێک، هیچ کۆمپانیایەک، هیچ هاوڵاتیەک پارێزراو نیە لە هێرشە جۆراو جۆرە ئەلیکترۆنیەکان، ئەگەر هاتوو پیلان و ڕێ وشوێنی پێش وەختە نەگیرایە بەر بۆ پاراستنی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، کە ئاسایشی سایبەریش بریتیە لە خۆپاراستن لەو هێرشانەی کە دەکرێنە سەر سیستەمەکان، بە تایبەتیش ئەو سیستمانەی بە ئینتەرنێتەوە بەستراون.[2] لە سەردەمی بەجیهانی بووندا جەنگی سایبەریش وەک پێنجەمین بواری جەنگ هاتۆتە کایەوە کە بریتیە لە دەست بەسەر داگرتنی گشت زانیاری و نهێنیەکانی وولاتان لە ڕێگەی کۆمپیتەر و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانەوە، بێگومان ئەم جۆرە جەنگە هەڕەشەی زۆر گەورە دروست دەکات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، چونکە هەر وولاتێک کۆمەڵێک زانیاری و نهێنی تایبەتی هەیە سەبارەت بە ژێرخانی ئابووری و پەیوەندیە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی و گفتوگۆ سیاسیەکانی، ئەم جۆرە هێرشانە بە کاتێکی کەم دەتوانرێت مەترسی دروست بکات لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەر وولاتێك لەو بوارانەدا، کە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم مەترسیەش ئاسان نیە و دەوڵەتان هەوڵێکی زۆریان پێویستە بۆ خۆپارێزی لەم جەنگە و سەرکەوتن بەسەر گرووپە هێرشبەرەکانی ئەم جەنگەدا.[3]

لە سەر ئاستی عێراق دروست بوونی داعش(ISIS)وەك لقێکی ئەلقاعیدە لەعێراق، شەپۆلێکی تری سایبەر تیرۆریزمی لەو وولاتەدا ئاڕاستە کرد کە مەترسیەکانی بووە مایەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستانیش وەك بەشێکی دانەبڕاو لەو وولاتانەی لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا چەندین جار دوو چاری پەلاماری تیرۆرستی بووەتەوە، هاوساتی هەڵگیرسانی جەنگی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و بەرەی تیرۆریزم بە سەرکردایەتی داعش، سایبەر تیرۆریزم وەك ئامرازێك لە لایەن داعشەوە دژ بە هەرێمی کوردستان خرایە گەڕ، ئەمەش بە گرنگترین فاکتەری دەرەکی پەلامارەکانی سایبەر تیرۆریزم دژ بە گەلی کورد دادەنرێت، لە ڕووی فاکتەرە ناوەخۆیەکانیش کە زەمینەساز بوون بۆ پەرەسەندنی مەترسییەکانی سایبەر تیرۆریزم، بەگشتی لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

- لەسەر ئاستی دامەزراوەکانی دەسەڵات
- سایکۆلۆژیای جەماوەر
- هاوسۆزی و ناهۆشیاری
- نەبوونی سانسۆری یاسایی
- داواکاری گشتی[4]

تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان چەندین کەس و گرووپ بە پێی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی(٢٠٠٦)ی یاسای بەرەنگار بوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە هەرێمی کوردستان-عێراق ڕووبەڕووی سزای یاسایی کراونەتەوە، خاڵی سەرنجراکێش لەوەدایە زۆربەی ئەو تاوانبارانە سەردانی بارەگاکانی داعشیان لە ناوەراستی عێراق و دەرەوەی وڵات نەکردووە، بەڵکو لە ڕێگەی ئینتەرنێت و

---

(1)حەبیب سالحی، دیسانەوە ماددەی هۆشبەروئاسایشی نەتەوەیی(2023/7/5)(2025/6/29) chawykurd.com.Last visite) Availableat: < https://www.

(2)هەورامان فەریق کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٥.

(3) (3)-هەڵۆ ئەبوبەکر، ئاسایشی ئەلکترۆنی و بنچینەکانی، (2022/9/21)(2025/6/29) diplomaticmagazine.net.Last visite) Availableat: < https://www.

(4)د.کارزان محەمەد، سایبەر تیرۆریزم لەمیدیادا: مەترسی و بەرەنگاربوونەوەی ئایندەکان، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە(١٣)، سلێمانی، ٢٠٢٢،ل٤٤.

تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە بوونەتە هاوسۆزی داعش و گرووپە توندڕەوە تیرۆریستیەکانی تر.[1] دیاردەی تیرۆر لە ئێستادا لەسەر ئاستی جیهانی و بە تایبەت لە وولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە هەڕەشەیەکی جددی و مەترسیدار، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی تێکدانی ئارامی کۆمەڵگاو ڕووخاندنی ئاسایش و تێکشکانی سیستەمە سیاسییەکان، زۆر جاریش سەردەکێشێ بۆ کودەتا و شۆڕش و تێکدانی ئاستی هۆشیاری و دەروونی هاووڵاتیان.[2] بەوپێ یەش ئامێرەکانی کۆمپانیاکانی تەکنۆلۆژیا ڕێگا بە بەکارهێنەرانیان دەدەن بتوانن پەیوەندیەکانیان بەشفرە بکەن، کە دیار ترینیان بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنی بەشفرەکردنە، بۆیە پێویستی و ئەرکی هەنووکەیە، هێزە ئەمنییەکانی کوردستان یەکەیەکی تایبەت بە چاودێری و سانسۆر کردنی ئینتەرنێت و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن پێك بهێنن، کە دەتوانرێ لە ڕێگەیەوە حاڵەتی تاوان کەمتر بکرێتەوە و پێشگیری لە زۆر کردەی تیرۆریستی بگیرێت، فەزای سایبەری وەک مەترسیدار ترین مەترسیەکان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە کۆمەڵگاکاندا، وەک هەڕەشەیەکی جدی وایە لەسەر زانیاری و نهێنیەکانی دەوڵەتان، بەدەست هێنانی ئەو زانیاریانە لەلایەن ووڵاتانی ترە وە مەترسی گەورە دروست دەکات لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، دەست کەوتنی ئەو زانیاریانە لەلایەن گروپە تیرۆرستی و توندڕەوەکانەوە تەواوی دەوڵەت دەخاتە مەترسیەوە.[3]

هەروەک لەڕاگەیەندراوی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان-ئۆپەراسیۆنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایشی سلێمانی لە(شوباتی/٢٠٢٤)گرووپێکی(٣٠) کەسی، بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندیی لەگەڵ داعش و بەکارهێنانی مزگەوت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، بۆ بڵاوکردنەوەی بیری توندڕەوی، لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین دەستگیردەکرێن، بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵە، هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەگشتی و بەتایبەت سنوورەکەی تووشی شۆک کرد، لەکاتێکدا بەشێک لەو دەستگیرکراوانە، موچەخۆران و هێزە ئەمنیەکان و مامۆستایانی ئاینی و زۆرێک لە خەڵکیان بە کافر زانیوە و لەسەر هیجرەت بوون و خاکی کوردستان و عێراقیشیان بە (دارالکفر- خاکی کافران) ناوبردووە، ئەمانە لەڕێگەی پێگەی ئەلکترۆنی یەکتریان ناسیوە و کۆبونەتەوە.[4]

ئاسایشی سایبەری چەند جۆرێک لە خۆدەگرێت وەک جەنگی سایبەری، تیرۆرزمی سایبەری، تاوانە سایبەریەکان، سیخوڕی سایبەری، هێرشە سایبەریەکان، لێرەدا دەردەکەوێت کە تیرۆزم تەنها لایەنی سەربازی و ڕێکخراوە تیرۆرستیەکان ناگرێتەوە، بەڵکو لەسەدەی بیست ویەکدا گەورەترین هەڕەشەی تیرۆر بریتیە لە تیرۆرزمی سایبەری، کە مەترسیەکی زۆری دروست کردوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی حاڵەتی نا دڵنیایی و نەمانی متمانە لە نێوان ووڵاتاندا، جۆرێك لە دڵەڕاوکێی دروست کردووە لە لای دەوڵەتان بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ تەکنۆلۆژیا و سوود لێ وەرگرتنی زۆربەی پاڵپشتیە داراییەکانی ئەم گروپانەش لەلایەن باند و گروپەکانی مافیای ماددەهۆشبەرەکان دەستەبەر دەکرێن و لەگەڵ سوود بینینی ئەم گروپانە لە تەکنۆلۆژیاو ئامێرەکانی سەردەم بۆ ئاسانکاری لەگواستنەوە و بازرگانی کردن و ساغ کردنەوەی ماددەی هۆشبەر.[5]

---

(1)بڕوانە یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی(٢٠٠٦) لەیاسای یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن(تیرۆر)، هەمواركراوی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەرێمی کوردستان.

(2)ئەرسەلان رەحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٦.

(3)ئومید پشدەری، ئاسایشی ئەلکترۆنی، (2015/3/30)، Availableat: < https://www.speemedia.com.Last visite)(2025/6/25)

(4)سامان عومەر سەیدگوڵ، داعش لەکوردستان ماوە (2024/9/30)Availableat: < https://www.drawmedia.net.Last visite)(2025/6/15)

(5)د.محەمەد حسین زادە، ڕیالیزم و ئاسایشی نیشتیمانی(2023/5/5)Availableat: < https://www.chawykurd.com.Last visite)(2025/6/25)

## بەشی سێ یەم: کاریگەری ماددەی هۆشبەر لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستان

**تەوەری یەکەم:** ئەم تەوەرە چەندین لق لە خۆ دەکرێت کە گرینگترین ڕەگەزەکانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی چەندین لق لە خۆ دەگرێت کە ئەمانەن.

### لقی یەکەم: ناسنامە (شوناس)

بە دروستکردنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی(١٩٢١) دواتر لکاندنی وویلایەتی موسڵ باشووری کوردستان لە ساڵی(١٩٢٥) گەورەترین ئاستەنگی خرایە بەردەم کورد بۆ گەیشتن بەمافە نەتەوەیەکانی دوور لەخواست ویست و ئیرادەی خۆی و بێ ڕەچاو کردنی مافی چارەی خۆنووسین خرایە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق خاک و ناسنامەی نەتەوەیی لێ زەوت کراو بە زۆر ناسنامەیەکی تری بەسەردا سەپێنرا بێ ڕەچاو کردنی تایبەتمەندیەکانی کلتووری ومێژوویی[1] ،ووتەیەکی باو هەیە دەڵێت، نیشتمان هی ئەو کەسانەیە لەسەری دەژین، مێژوویش ئەوەی بۆ سەلماندووین زۆر گەل و نەتەوە هەبوون لە بنەڕەتدا خاوەن ئەو جوگرافیا و نیشتمانە نەبوون کە ئێستا لەسەری دەژین، بەڵام بەهۆی کۆچ کردنی نەتەوەی هاتوو جا بەهۆی داگیرکاری یەوە بووبێت یاخود وەک کۆچ و پەنابەریی، دواجار ناسنامەی ئەو نیشتمانە گۆڕاوە و بووەتە خاکی ئەوانەی لەسەری دەژین [2]،بۆیە ململانێ و پێکدادانی ناسنامەیی کاتێک ڕوودەدات کە ناسنامەی دەوڵەتێک یان نەتەوەیەک بەپێی تایبەت مەندی و داواکاریەکانی خۆی لەگەڵ پێناسە کراوەکانی ناسنامەیەکی تر نەگونجێت ناسنامە هۆکارێکە بۆدیاری کردنی دۆست و دوژمن، بۆیە دەوڵەتان و نەتەوەکان لە هەوڵی پاراستنی ئاسایشی ناسنامەی خۆیانن کۆنستراکتیڤیزم ناسنامەی وەکو بەرنامەی کاری ئەکادیمی و شیکردنەوەی زانستی هێنایە نێو خوێندن بۆ خوێندنەوەی ئاسایش و سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان بۆیە لەپرسی کاریگەری ناسنامە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ناسنامە لەسەرووی ئاسایش دادەندرێت[3]،لەبەر مەترسی هەوڵدانی باند و قاچاغچیەکان بۆ هێنانی ماددەی هۆشبەر بۆ ناوهەرێمی کوردستان لەڕێگەی سنوورەکانەوە بۆیە پاسەوان و خاڵی پشکنین وبازگەی زۆر لەگەڵ ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کوردستانی ڕۆژهەڵات و کوردستانی ڕۆژئاوا و کوردستانی باکوور دانراوە ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر یەک بوونی ناسنامەی گەلی کورد و ئاسایشی ناسنامەکەی دروست کردووە.[4]

بەپێی ئامارەکان لە ساڵی(٢٠٠٣)ژمارەی دانیشتووانی عێراق نزیکەی(٢٣)ملیۆن کەس بووە، لەو ژمارەیە هەرێمی کوردستان (٤،٣٠٠،٠٠٠) کەس بووە، بەڵام دوای(٢١)ساڵ بەپێی کۆتا ئاماری عێراق لە ساڵی(٢٠٢٤)دانیشتوانی عێراق(٤٦،١١٨،٧٩٣)کەسە نەتەوەی کورد تەنها(٦،٣٧٠،٦٦٨)کەس بووە بۆمان دەردەکەوێت گەشەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان ساڵ لەدوای ساڵ دادەبەزێت و ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوامبێت تاوەکو ساڵی(٢٠٥٠)دانیشتووانەکەی تەنیا(٧%)دانیشتووانی عێراق پێک دەهێنیت دابەزینی گەشەی دانیشتووان دەبێتە مەترسی لەسەر داهاتووی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا، بەتایبەت لەڕووی سیاسییەوە، چونکە ژمارەی دانیشتووان بۆ هەموو شتێک بە پێوەر وەردەگیرێت یەکێک لەسەرەکی ترین

---

(1)نەوزاد عبدلله هیتوتی ، دۆزی کورد لە عیراقدا میکانیزمەکانی چارەسەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٧.

(2)د.علی بلعربی، أمننة الهجرة فی سیاسات الاتحاد الاوروبی، مجله العلوم القانونية والسياسة، جامعة مستغانم، الجزائر، المجلد(١٠)، العدد(٢)،٢٠١٩، ص٨٠٧.

(3)پەروێز رحیم قادر، ئاسایشی نەتەوەیی لەچوارچێوەی تیۆری کۆنستراکتیڤیزم پرسی ناسنامەی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک نمونە، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زانستەسیاسیەکان، زانکۆی صلاح الدين، هەولێر، ٢٠١٩، ل٦٢.

(4)مەهدی بدری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥ .

هۆكارەكانی بچوک بونەوەی خێزان و كەم بونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری و لێک جیابونەوەی خێزان ماددەی هۆشبەرە بەهەردووشێوازی بەكارهێنان و بازرگانی كردن.[1]

## لقی دووەم: زیادبوونی ڕێژەی تاوان و چەكی بێ مۆڵەت

تاوان لە یاسادا هەر لادانێک لە نۆرمە كۆمەڵایەتیەكان بەجۆرێک ببێتە فشار لەسەر تاک و كۆمەڵگە جا ئەم تاوانانە جیاوازن تاوانی گەورە و بچووک تاوانی ڕێكخراوەیی و تاوانی بەكۆمەل هەیە، ئەو تاوانانەی لەناو كۆمەڵگە ڕوودەدەن چەندین پاڵنە و هۆكاریان هەیە بۆئەنجامدانی تاوان لەوانە هەژاری و بۆماوەیی و سیستەمی حوكمڕانی و ئاووهەوا و هەڵكەوتەی جوگرافیای وولات و پلەی گەرمی كاریگەری لەسەر تاكەكان هەیە[2] ،شوێنەواری بەكارهێنانی ماددەی هۆشبەر بریتین لە هەموو ئەو دەرەنجامە نەرێنیانەی لەسەر تاک و كۆمەڵگە دروستی دەكەن دەبنە هۆی زیان گەیاندن بە عەقڵ و جەستە، هەروەها كاریگەریان هەیە لەسەر تەندروستی و چەندین نەخۆشی وەكو توڕەبوون، ترس، دڵەڕاوكێ، شلەژانی دەروونی، بێ هیوابوون، ئەمانە كاردەكەنە سەر هەڵس و كەوت، بۆیە بەكارهێنانی ماددەی هۆشبەر تاک لەدۆخێكی ئاساییەوە دەبات بۆ دۆخێكی نائاسایی بۆ ئەنجامدانی ڕەفتارێک ڕەنگە زیان بەئاسایشی كۆمەڵگە بگەیەنێت.[3]

كەسی ئالوودەبوو بەردەوام لە هەوڵی بەدەست هێنانی ماددەی هۆشبەرە بە هەر نرخێک بێت بۆ ئەم مەبەستە ڕەنگە پەنا بباتە بەر ساختەكردنی ڕاچێتەی پزیشكی یاخود خۆ نەخۆش خستن و پەلاماردان و هێرش كردنە سەر دەرمانخانەكان بۆ بەدەست هێنانی ماددەی هۆشبەر، بێگومان ماددەی هۆشبەر بەهۆی قەدەغەبوونی نرخی گرانە ڕەنگە كەسی ئالوودەبوو توانای كڕینی نەبێت بۆیە زۆرجار بۆدەست كەوتن و كڕینی ماددەی هۆشبەر پەنای بردۆتە بەر دزی و كوشتن، وە ئالوودەبووی ڕەگەزی مێ زۆرجاران بۆدەست كەوتنی ماددەی هۆشبەر پەنای بۆ لەشفرۆشی بردووە[4] ،لەڕوانگەی باری بۆزان گروپی چەكداری و تاوانكاری مەترسیە بۆسەر ئاسایشی سەربازی و ئاسایشی كۆمەڵگەی و تەنانەت ئاسایشی ئابووری، هەردەوڵەتێكی یاسا سەروەر چەک تەنیا لەدەستی دەوڵەت دایە یان حاڵەتی زۆرسنووردار و بەپیی ڕێ و شوێنی توند ڕێگە بەهاوڵاتیانی دەدرێ چەک هەڵبگرن، تەنها لەساڵی(٢٠٢٠)لەهەرێمی كوردستان دەست بەسەر(٦٦١)پارچە چەكی بێ مۆڵەتدا گیراوە ئەمەش هەرێمی كوردستان هیچ كارگەیەكی دروستكردنی چەكی نیە و ئەم چەكانە بەشێوەی قاچاغ لە سنوورەكانەوە هاوردەی هەرێمی كوردستان دەكرێن، تەنها لەساڵی(٢٠٢٠)لەهەرێمی كوردستان(٢٦٠)ڕووداوی كوشتن و خۆكوشتن هەبووە، بۆیە لێرەوە دەردەكەوێت دیاردەی چەک هەڵگرتن ئاسایشی سەربازی هەرێمی كوردستان و خەڵكی ئاسایی ومەدەنیش دەخاتە ژێرهەڕەشە.[5]

هەر بۆیە چەكی بێ مۆڵەت یەكێكە لەو دیاردانەی لەناو كۆمەڵگە سەرهەڵدەدەن و بەمەترسی دادەندرێن بۆسەر ئاسایشی كۆمەلگەیی هەرێمی كوردستان و بازرگانی ڕەشی پێوە دەكرێت و ڕێژەی تاوان زیاد دەكات، لەبەر ئەوەی لەبەشێک لەناوچەكانی هەرێمی كوردستان لەگەڵ دروست بوونی هەر كێشەو گرفتێكی كۆمەڵایەتی هاوڵاتیان و گرووپ و عەشیرەتەكان پەنا بۆهەڵگرتنی چەک دەبەن لەبڕی پەنا بردن بۆ یاسا و دەزگا ئەمنیەكان و خۆیان بەرپرسیاریەتەكە دەگرنە ئەستۆ، بۆیە یەكێک لەهۆكارەكانی هەڵگرتنی چەكی بێ مۆڵەت بەكارهێنان و بازرگانی كردنە بەماددەی هۆشبەرە ئەمەش بۆمەبەستی پاراستنی خۆیان لەكاتی مامەڵەكردنەكانیانە لە دەزگا ئەمنیەكان[6] ،زۆر جاران كەسانی ئالوودەبوو لەكاتی

(1)گەشەی دانیشتووانی هەرێمی كوردستان مەترسیدارە 2050 تەنیا 7%ی عێراق دەمێنێتەوە(2025/2/7)، Availableat: (2025/6/15) < https://www.ava.news Kurd.com.Last visite)

(2)د.فیصل عارب بلباس، پزیشكی تاوانناسی، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهابیش، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٣.

(3)سعیدی العتیقه، أبعاد الاغتراب النفیس وعلاقتها بتعاطي الخمدرات لدى المراهق، رسالة الدكتوراه، كلية العلوم الاجتماعيه والانسانيه، جامعة محمد خضير، الجزائر، ٢٠١٦، ص ٦٧-٦٨.

(4)لقمان صالح كريم، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩.

(5)د.صالح عمر عيسى و د.پەروێز رحیم قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٥.

(6)كارزان احمد عمر، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠.

دەست نەکەوتنی ماددەی هۆشبەر توشی چەندین کێشە دەبنەوە وەکو تورەبوون و دڵەڕاوکێ، کەسی بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر توشی دەمارگیری دەبێت بەپێی جۆراو جۆری ماددەکان وەکو کریستاڵ و تڕامادۆڵ بەکارهێنەرانی بەرەو دەمارگیری دەبەن[1] ،یەکێکی تر لە کاریگەریە نەرێنیەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان بریتی یە لە زیادبوونی ئەنجامدانی تاوانی جیاواز وەکو دزی، ساختەکاری و کوشتن بە مەبەستی وەرگرتنی پارە بۆ کڕینی مادده هۆشبەرەکان، وە بۆساغکردنەوەی ئەم ماددانە پیویستیان بە فرۆشتنەوە و گواستنەوە هەیە زۆر کات هەوڵ دەدرێت منداڵ بۆگواستنەوە و دابەشکردنی ماددەی هۆشبەر بەکاربێنن لە دەرەنجامدا توشی گێچەڵ و دەست درێژی سێکسی دەبنەوە، ئەمە جگەلە زیادبوونی باندە مافیاکان، قاچاغچی چەک، ساختەکردنی پارە، بەکارهێنانی پارەی مادەی هۆشبەر بۆ ئەنجامدانی تاوانکاریی و تیرۆر.[2]

## لقی سێ یەم/ دروست کردنی کاریگەریی نەرێنی لەسەر خێزان و هۆکاری جیابوونەوە

یەکێک لەهۆکارەکانی کەم بونەوەی هاوسەرگیری و جیابونەوەی خێزانەکان بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکانە، کەم بونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری و بەرز بوونەوەی ڕێژەی لێک جیابونەوە پەیوەندی بەئاسایشی کۆمەڵگەیی هەیە ئەمەش پەیوەستە بە بەهای کۆمەڵایەتی لەبەر ئەوەی ئەو داب و نەریتەی سەدان ساڵە پارێزراوە بەردەوام کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دروست دەکات لە ئەگەری گۆڕانکاری لەم بەهایانە ڕاستەخۆ کاریگەریان لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگە دەبێت[3] ،بۆیە خێزان یەکەیەکی کۆمەڵایەتی سەرەکی یە لە دروستکردنی کۆمەڵگە کە دایک و باوک دروست کەری خێزانن و ئەرکی سەرەکیان پەروەردەکردن و پێگەیاندنی منداڵەکانیانە کە دەبێتە هۆی دروست بوونی کۆمەڵگا، پێک هاتەو ڕۆڵی خێزان بۆ تاکەکان دەگۆڕێت بەپێی داب و نەریت و کلتور و ئاین و شوێن.[4]

چەندین فاکتەر هەیە کاریگەرن بۆ لە ناوبردن و تێکدانی شیرازەی خێزان لە وانە ئالوودەبوون و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر کە دەبێتە هۆی لاوازکردنی پەیوەندیە خێزانیەکان و دروستکردنی ململانێی خێزانی ئەمەش بۆشاییەکی دەروونی لەسەر پەروەردەی منداڵ جێدەهێڵێ، لەبەر ئەوە بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر ئارەزووی تەنیایی و گۆشەگیری دەکەن بۆیە کاریگەریان لەسەر ئاستی پەروەردەکردنی منداڵیان دەبێت هەست بە چاودێری خێزانەکانیان ناکەن سەرەنجام دەبنە کەسی خراپ و ئاژاوەگێڕ لەناو کۆمەڵگەدا.[5]

کاریگەری بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لەسەر کۆمەڵگا ڕوون بۆتەوە کە گرینگ ترین فاکتەری لێک هەڵوەشانەوەی خێزان و کۆمەڵگەیە لەبەر ئەوەی کەسی ئالوودەبوو یاخود بازرگانەکان یان ئەوانەی کاری دابەشکردنی ماددەی هۆشبەر دەکەن لەناو کۆمەڵگە هیچ بەهایەکیان نیە بۆیە خانەوادەکانیان هیچ سۆز و خۆشەویستی و هەستێکیان بۆیان نیە، بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر هۆکاری لەدەست دانی توانای کارکردن و نەمانی هێزی کارە بۆیە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری و بێکاری دابین نەکردنی خەرجی پێداویستیەکان و وازهێنان لە قوتابخانە و زانکۆ، دەرەنجام کێشەی خێزانی و لێک جیابووەنەوەی خێزانی لێدەکەوێتەوە.[6]

پڕۆسەی هاوسەرگیری لەنێوان ژن و پیاو بەگوێرەی پەیرەوی ئایین و کلتوری کۆمەڵگایە سەرەتای قۆناغی هاوسەرگیری زیاتر لەنێوان تەمەنی(١٩)تاوەکو(٢٥)ساڵی یە ئەزمونێکی کەمی پەیوەندی و هەست کردن بەئەرکی خێزان و ژیانیان هەیە، وە ئەو کەسانەی دەست بە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەکەن زیاتر چینی گەنج و تازە پێگەیشتوون تەمەنیان

(1)د.أحمد حويتي، الأسباب والآثار الإجتماعية للمخدرات، الطبعة الاولى، المطبعه جامعة، الجزائر، ١٩٩٨، ، ص ٥.

(2)حسين عبداللة على، ضاهرة المخدرات فى العراق بين الاتفاقيات الدولية والقانون الوطنى، الطبعة الاولى، المطبعة الرفاه، بغداد، ٢٠٢٢،ص١٥.

(3)د. بارزان جوهر صادق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨.

(4)عەبدولا عەبدولرەحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

(5)ميس خليل عوده، مصدر سابق، ص٧٢

(6). شعبان محمود محمد الهواري، محمد على التائب، أسباب تعاطي المخدرات وعلاقتيها بالجريمةوطرق الوقاية منها، مجله ابحاث قانونية، سرت-ليبيا، المجلد(٦)،العدد(١٣)، حزيران ٢٠٢٢، ص١٤٣-١٤٤.

لەنێوان(١٩)تاوەکو(٢٥)ساڵی دایە بۆیە زۆرترین ڕێژەی جیابوونەوەی خێزانی لەنێوان ئەو چینەیە کە ماوەیەکی کەمە چونەتە پڕۆسەی هاوسەرگیری هۆکارەکەشی بەکارهێنان و بازرگانی کردن بەماددەی هۆشبەر، بەهۆی سزادانی دارایی و بەندکردنیان لە بەندینخانەکان دەبێتە هۆی نەبوونی خەرجی ڕۆژانەیان و لەکەدار بوونی پێگە کۆمەڵایەتیان لەناو کۆمەڵگەدا.[1]

کەسانی ئالوودەبوو هۆکارن بۆ تێکدانی کەش و هەوای خێزان و پەیوەندیەکۆمەڵایەتیەکان ئەمە جگە لە وەی گرژی و دەمارگیری و ڕەفتاری خراپی ئالوودەبووەکە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی ناکۆکی لە ناو خێزان و پێشێل کردنی یاسا و داب و نەریت و هەموو نۆرمەکان بۆ ئەوەی ئارەزووە خوازراوەکانی بەدەست بهێنێت، بەردەوام بوون لەسەر ماددە هۆشبەرەکان پاڵنەرن بۆ ئەنجامدانی هەندێ تاوانی تر وەک درۆ و فێڵ کردن و زیناو پشت گوێ خستن و لاوازی سێکسی، لەبەرئەوەی ئالوودەبووانی ماددە هۆشبەرەکان هۆشی خۆیان لەدەست دەدەن و کۆنترۆڵی خۆیان ناکەن ئەمەش دەبێتە هۆی ئاژاوە و پشێوی خێزانی و لێک جیابوونەوە[2]. ،هەر بەگوێرەی ئامارەکانی ئەنجومەنی دادوەری هەرێم ڕێژەی هاوسەرگیری و جیابوونەوەی هاوسەران لە ئاستێکی بەرزدایە، بە گوتەی یاسا ناسان زۆری حاڵەتەکانی جیابوونەوەی هاوسەران بۆ لێک تێنەگەیشتن و نەگونجانی تەمەن و چەندین هۆکارێکی دیکە دەگەڕێتەوە لەوانەش هەژاری و خیانەت کردن و گرینگی نەدان بەیەکتری لێرەدا بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر.[3]

خشتەی ژمارە( 2 ) نیشاندانی ڕێژەی هاوسەرگیری و لێک جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان.

| ساڵ | هاوسەرگیری | جیابونەوە |
|---|---|---|
| ٢٠١٩ | ٣٩٬٧٦٣ | ٩١٩٢ |
| ٢٠٢٠ | ٤٦٬٦٥٩ | ٨١٤٤ |
| ٢٠٢١ | ٥٤٬٨٣٧ | ١١٦٩٩ |
| ٢٠٢٢ | ٣٨٬٧٦٨ | ١٣٬٩٦٧ |
| ٢٠٢٣ | ٥٣٬٠٨٧ | ١٤٬٣١٢ |
| ٢٠٢٤ | ٥٠٬٠٠٠ | ١٤٬٠٠٠ |

ئامادەکردنی توێژەر بەپسشت بەستن بەسایتی خەندان https://www.xendan.org/detailnews


(1)د.مەعن خلیل، وەرگێڕانی، ئارام ئەمین جەلال، کۆمەڵناسی خێزان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک،٢٠٠٧، ل٢٢٣-٢٢٤.

(2)النوی بالطاهر، مصدر سابق، ص١٨٦.

(3)خەندان، ئامارەکانی هاوسەرگیری و جیابونەوەی ساڵی 2023 ئاشکرا دەکرێت،(2024/04/03) Availableat: < https://www.xendan.org/detailnews.Last visite(22/3/2025)

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

**چارتی ژماره( 3 ) نیشاندانی ئاماری پرۆسەی هاوسەرگیری و لێک جیابونەوەی هەرێمی کوردستان**




## لقی چوارەم: زۆربوونی گەندەڵی بەهەدەردانی داهاتی تاک و کۆمەڵگە

گەندەڵی بەیەکێک لەپەتا جیهانیەکان دادەندرێت کەبۆتە هەڕەشە لەسەر تەواوی مرۆڤایەتی و لێکەوتەکانی ئەو بابەتە شیرازەی کۆمەڵگە وێران دەکات و چەندین لێکەوتەو دەرەنجامی خراپی هەیە کەڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە دەبێت، هەرێمی کوردستانیش لەم پەتایە بێ بەش نەبووە کەبۆتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین لێکەوتەی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی ئەمەش زەمینە خۆشکەرە بۆ بەهەدەردانی سامانێکی زۆر هەروەک دەستەی دەست پاکی هەرێمی کوردستان لەساڵی(٢٠٢٢)ڕای گەیاندووە کەنزیکەی(٦٥٠)دۆسیەیەی گەندەڵیان لەگشت بوارە جیاجاکانی هەرێمی کوردستان تۆمارکردووە.[1]

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆز باسی گەندەڵی کردووە دەفەرموێت( وَلَا تَبْغِ الْفَسَادَ فِي الْأَرْضِ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ )[2] هەربۆیە گەندەڵی بەیەکێک لەهەڕەشە و مەترسیەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان دادەندرێت لەبەر ئەوەی گەندەڵی ڕێژەی هەژاری بەرزدەکاتەوە بۆیە یەکیکە لە هۆکارەکانی هەژاری لە هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی ئەم دیاردەیە بوونی هەیە و کاریگەری گەورەی کردۆتە سەر بەرزکردنەوەی هەژاری و دروست بوونی جیاکاری و جیاوازی چینایەتی بەرز بوونەوەی پێشێل کردنی یاسا و سەروەر نەبوونی یاساو تەنانەت کاریگەری لەسەر دابەزینی ئاستی متمانەی هاوڵاتیان بەحکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، یەکێک لەو گەندەڵیانەی دۆسیەی خاڵە سنووریەکانە ئەمەش بە تەها مەترسی یەکی ماددی نیە بەڵکو مەترسی بۆسەر تەندروستی هاوڵاتیان هەیە کە کاڵاو کەل و پەل و بابەتی قەدەغەکراویش بەبێ پشکنین و گومرگ هاوردەی هەرێمی کوردستانی دەکەن.[3]

ماددەی هۆشبەر لە سەردەمی جیهانی مۆدێرندا هیچ سنوورێک نا ناسێت دەگاتە هەموو وڵاتانی دەوڵەمەند و هەژار و ە لە ناو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بڵاو بۆتەوە ئەمەش هۆکارە بۆ دروست بوونی گروپی مافیایی، باندی ترسناک، گەندەڵی، بێکاری، سپی کردنەوەی پارەو گواستنەوەی سامانی ووڵات بۆدەرەوە ئەمە جگە لە نەمانی ڕێزگرتن لە یاسا و زۆربوونی بازرگانی نایاسایی لێ دەکەوێتەوە، ئەمانە بەفاکتەری سەرەکی دادەندرێن بۆ هەڕەشەکردن لە کۆمەڵگە و ترس

(1) کارزان احمد عمر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦.

(2)قورئانی پیرۆز، صورة القصص، ئایەتی٧٧.

(3)د.صالح عمر عیسی و د.پەروێز رحیم قادر،سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٩-١٧٠.

لەلای سەرمایەداران دروست دەكات كە ناچاریان دەكات سەرمایەو وەبەرهێنەكانیان بۆ شوێنی سەقامگیرو ئارام بگوازنەوە.(1)
بەگۆڕانی كەسانی دەست ڕەنگین وشارەزا بۆ كەسانی بەكاربەر و مشەخۆر، سەرمایەگوزار و وەبەرهێنەران ناچاردەكات پشت ببەستن بە كەسانی بیانی شارەزا یاخوود سەرمایە و وەبەرهێنانەكانیان بگوازنەوە بۆ دەرەوە بەمەش خاڵی دەستپێكی بێكاری و كەم بوونەوەی داهاتی تاك دەست پێدەكات جۆرێك لە قەیرانی نەبوونی دەرفەتی كاروبێكاری سەرهەڵدەدەن.(2)
لەلایەكی ترەوە بازرگانی كردن بە مادده هۆشبەرەكان كاریگەری لەسەر ئاسایشی خۆراك هەیە بە جۆرێك لە كۆمەڵگەگوندنشینەكان كشتوكاڵ كردن و چاندنی بەرهەمامەكانی ماددەی هۆشبەر نیگەرانیەكی سەرەكی یە بۆ گوندنشینەكان كە پشت بە كشتوكاڵ دەبەستن وەک سەرچاوەی بژێوی ژیانیان لێردا دەكەونە ژێر فشاری ئابووری یان ترسی باندە تاوانكاریەكان و گروپە بازرگانەكان كە ڕێگری لە گەشەسەندن و بەردەوامی كشتوكاڵكردن دەدات، بۆیە ڕێژەی هەژاری لەو ناوچانەدا زیاد دەكات ناچاربە دەست بردن بۆ چاندن، بازرگانیكردن، تەرخانكردنی زەوی كشتوكاڵی بۆكۆگاكردن و حەشاردانی ماددەی هۆشبەر دەبن دەرەنجام ئاسایشی خۆراكی ئەم ناوچانە دەخاتە مەترسیەوە.(3)

### لقی پێنجەم: نەمانی متمانەی هاوڵاتی بە سیستەمی سیاسی و ناسەقامگیری.

لەم سەردەمە دا سەقامگیری سیاسی بووە بە یەك لەو ئاواتانەی دەوڵەت و گەلانی جیهان هەوڵی بەدیهێنانی دەدەن، لەبەر ئەوەی ڕەنگدانەوەی كاریگەر و ئەرێنی دەبێت بەسەر بارودۆخی دەوڵەت و كۆمەڵگە بە گشتی لەسەر هەموو ئاستەكانی ژیان، سیاسی، ئابووری، كۆمەڵایەتی، كەلتووری، دیارە ئەو سەقام گیریە بەبێ هاوكاری و پشت بەیەك بەستنی كۆمەڵگە و دەوڵەت بەرجەستە نابێ(4)، یەكێك لەهۆكارەكانی نمونەی پێكە وەژیانی كوردستان دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی ئارامی و سەقامگیری سیاسی لەهەرێمی كوردستان دروست بوونی كەشێك لەنێوان كورد و ئاشوور و كلدان و توركمان بە قبوڵكردنی جیاوازی نەتەوە و ئاین و زمان، ئەو كاتە ئارامی باڵ دەكێشێت كە دەستی گروپ و باندەكان نەگەیشتۆتە ئاستی مەترسی و باڵا دەستیان بەسەر دامەزراوەكاندا.(5)
بابەتی سەقامگیری تێكەڵ بوونی هەیە لەگەڵ چەندین بابەتی دیكە كە دەبنە هەڕەشە بۆ سەر دەوڵەت، گۆڕانە سیاسیەكان، ململانێ و توندوتیژی سیاسی، شەرعیەتی سیاسی دەسەڵات، بڵاو بوونەوەی نەخۆشی و پەتا و ماددەی هۆشبەر ئەو هەڕەشانەن كە ڕوو بەڕووی دەوڵەت دەبنەوە، بەڵام كاتێك یەكە جیاوازەكانی كۆمەڵگە هاوسەنگی یاخود تەبایی نێوانیان لە دەست دەدەن ئەوا ئەو كارە دەبێتە هۆی پەیدابوونی گرژی و ململانێ و پەنابردن بۆ بەدەستهێنانی پێگە و دەسەڵات لەم بارەدا ناسەقامگیری لەناو كۆمەڵگە ڕوودەدات.(6)

لەكاتی نەمانی متمانەی هاوڵاتی بە سیستەمی سیاسی ئەم لێكەوتانەی لێ دەكەوێتەوە:
١-لە دەستدانی ڕەوایی بۆ جێ بەجێ كردنی داواكاریەكانی هاوڵاتی.

---

(1)د.خالد حمد المنهدی، مصدر سابق، ص١١١.
(2)د. نەهرۆ عەلی، زانستی ئابووری، چاپی یەكەم، چاپخانەی خانی، دهۆک،٢٠٠٩، ل٢٤.
(3)د. عاطف محمد النجار، المشكلات الناجمة عن تعاطي العمال الزراعيين المخدرات، مجلة كلية الخدمة، جامعة الفيوم، القاهرة، المجلد(١٦)، لعدد(١٧)، ديسيمبر٢٠٢٣، ص٣٧٨.
(4)بارزان جوهر صادق، متمانەی سیاسی بەسیستەمی سیاسی هەرێمی كوردستان-عێراق، تێزی دكتۆرا، كۆلێژی زانستە سیاسیەكان، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٢٠، ل٢٢.
(5)سەعدون یونس، هەولێرو هەولێریەكان سەقامگیری و ئارمیان گەرەكە، گۆڤاری گوڵان میدیا، دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموكراتی كوردستان، هەولێر، ژمارە(١٠٤٩)، ٢٠١٥، ل٦٠.
(6)د. ئەحمەد زەكی بەدەوی، وەرگێڕ، محەمەد فاتیح، فەرهەنگی چەمک و زاراوەكانی زانستە كۆمەڵایەتیەكان، چاپی یەكەم، چاپخانەی ئەكادیمای كوردی، هەولێر، ٢٠٢٠،ل٦٣٢.

٢-دارِمانی بارودۆخی ئابووری.

٣-زۆربوونی ڕێژەی بێکاری.

٤-بەرز بوونەوەی ڕێژەی هەژاری.

٥-بڵاو بوونەوەی دیاردەی گەندەڵی کارگێڕی و دارایی.

٦-شکست هێنان لە هەوڵەکانی وە بەرهێنانی ئابووری.

٧-نەبوونی پلانی گەشەپێدانی هەمە لایەنە.

٨-خەسڵەتی تووندوتیژی لە کەلتووری سیاسی.

٩-زاڵ بوونی ئایدیۆلۆژیا.[1]

ماددەی هۆشبەر یەکێکە لەو فاکتەرە سەرەکیانەی ڕۆڵی هەیە لە ناسەقامگیری سیاسی و زۆربوونی گەندەڵی و نەمانی متمانەی هاوڵاتی بەدەسەڵاتی جێ بەجێ کردن و بڵاوبوونەوەی گروپ و باندی گەورەی مافیا و تێکەڵ بوونیان لەگەڵ کەسانی سەربازی بەرپرسانی حکومەت و بەکارهێنانی پێگەکانیان بۆ مەبەستی دەست خستنی سەرمایە و چاوپۆشی کردن لەهێنانی ماددەی هۆشبەر و ساغ کردنەوە وگواستنەوەیان ئەمانە هۆکارن بۆ نەمانی متمانەی هاوڵاتیان بەدەسەڵات.[2]

## لقی شەشەم:کاریگەری نەرێنی لەسەر تەندروستی تاکو کۆمەڵگە( دەروونی ، جەستەیی )

تەندروستی دەروونیی بریتییە لە باشبوونی هەستەکان، سۆز و پەیوەندی کۆمەڵایەتی، کاریگەریەکانی لە کاردانەوە، دەر بڕینی هەستەکان، دیاری کردنی هەڵبژاردەکان بە ڕاستی و چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ فشارەکاندا، تەندروستی دەروونیی لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا گرنگە، لە منداڵی و هەرزەکاریەوە تا تەمەنی پیری، مرۆڤ ئەگەر تووشی کێشەی تەندروستی دەروونی ببێت، ئەوا بیر کردنەوە و باری دەروونی و ڕەفتارەکانی کاریگەریان لەسەر دروست دەکات یەکێک لەفاکتەرە سەرەکیەکانی توشبون بەنەخۆشی دەروونی جگەرەکێشان و خواردنەوە کحول یە لە ڕادەبەدەر لەگەڵ بەکارهێنانی بەکار هێنانی ماددەهۆشبەرەکان[3] ،بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرەکان بەهەموو شێوازەکانی یەوە زیان بە جەستە و دەروونی مرۆڤ دەگەیەنن لە سەرەتای بەکارهێنان ڕەنگە مرۆڤ هەست بە نا ڕەحەتیەکی ئەوتۆ نەکات، بەڵام کاریگەری لەسەر تەندروستی جەستە و دەروونی دەبێت بەتایبەتی لەنێو چینی کرێکاران بۆ ڕەواندنەوەی ماندوێتی و هەست نەکردن بەئازاری جەستە سەرەنجام تێک چوونی جەستە و مێشک ڕوودەدات و لە بەکارهێنەرەوە دەچێتە قۆناغی ئالودەبوون، کاریگەریەکانی ماددە هۆشبەرەکان بریتین لە پارانۆیا خەیاڵ(Paranoia)و گەشەکردنی نەخۆشیە دەروونیەکانی وەک شیزۆفرینیا(schizophrenia) زۆر جاران کاریگەری لەسەر دەروونی کەسەکە دەبێت و دەبێتە هۆی لاواز بوونی دەمارەکان و دڵەڕاوکێ و تێک چونی تەندروستی[4]، بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بە نەخۆشیەکی کۆمەڵایەتی دادەندرێت کاریگەری لەسەر تاک و کۆمەڵگە دروست دەکات ڕەنگ دانەوەی خراپی لەسەر تەندروستی دەبێت، یەکێک لەو نەخۆشیانەی بەهۆی ماددەی هۆشبەر بڵاو دەبنەوە کاریگەری لەسەر کۆی جەستەی مرۆڤ و بەتایبەتی لەسەر کۆئەندامی هەناسەدان دروست دەکات ماددەی هۆشبەر و جگەرە یە کە هۆکاری سەرەکین بۆ تووش بوون بە شێرپەنجەی سیەکان و

(1) د. أحمد شحاذة محمد، طبيعة النظام السياسي في العراق وأشكالية الاستقرار السياسي بعد 2003، مجلة بحوث الشرق الأوسط، جامعة عين شمس، مصر، المجلد(٤٧)، العدد (٦٥)، تموز٢٠٢١، ص٣٦-٣٧.

(2)ميس خليل عوده، مصدر سابق، ص ٧٤.

(3)ئاڵان قەرەداغی، ئەزمونێک لە پێناو بیرکردنەوەیەکی دروستدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوسەر، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٧١-٧٢.

(4)د. عبدالاله بن عبدالله، د.رياض بن على الجوادى، المخدرات والمؤثرات العقلية، الطبعة الاولى، الرياض، ٢٠١١، ص٤٤-٤٥.

ڕێژەی مردن زیاتر دەکات وە شێرپەنجەی سیەکان بەڕێژەی(١٠)تاوەکو(١٥)جار زیاتر لەو شوینانە بڵاوە کە جگەرە و ماددەی هۆشبەری لێ بڵاوبۆتەوە.[1]

یەکێک لەهۆکارەکانی نەخۆشی دریژ خایەنی ناو کۆمەڵگە پەیوەستە بەهەوا و ژینگەی دەوروبەر فاکتەری سەرەکی یە بۆ جۆرە باوەکانی شیرپەنجە تایبەت شیرپەنجەی سیەکان و هەوکردنی درێژخایەن و سوتانەوەی گەدە و دوانزە گرێ، جگە لە پەیوەست بوون بە ژینگەی دەوروبەر هۆکاری تر پەیوەستە ئاستی ڕێژەی دانیشتوان بەکارهێنانی جگەرە و ئەو ماددانەی چەندین ماددەی کیمیایی و نیکۆتین لەپێک هاتەکانیان هەیە و لەکاتی سوتان و بەکارهێنانیان دەچنە جەستە و زیان بە خانەکانی لەش و تەندروستی مرۆڤ دەگەیێنن.[2]

## تەوەری دووەم: پێشنیار و ڕاسپاردەکان

لە سۆنگەی هەستکردن بەمەترسی مادده هۆشبەرەکان و پاراستنی هەرێمی کوردستان لەماددەی هۆشبەر و پەروەردەکردن و پێگەیاندنی تاکی تەندروست و ڕۆشنبیر چەندین ڕاسپاردەی گرینگ هەن بۆ لایەنی پەیوەندی دار کە ئەمانەن:

### پێشنیارەکان بۆڕووبەڕبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان

١- داڕشتنی سیاسەتێکی گشتی نیشتیمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر.

٢- جێ بەجێ کردنی ڕێکارە یاسایی و سزایی دارایی یەکانی تایبەت بە بازرگانی کردن بەماددەی هۆشبەر.

٣- چاودیری کردنی ئەو کەسانەی پێشینەی(بەکارهێنان/بازرگانی کردنیان)بە مادده هۆشبەر هەیە.

٤- کردنەوەی سەنتەری چارەسەرکردن بۆ کەسانی ئالوودەبوو و یارمەتی دانیان بۆ مەبەستی وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی.

٥- بڵاوکردنەوەی هۆشیاری زیانەکانی مادده هۆشبەرەکان لە ڕێگەی ناوەندەکانی(ئاینی/خێزان/ پەروەردە و خوێندنی باڵا/ڕاگەیاندنەکان/سۆشیال میدیا).

٦- بەپڕۆگرامی کردنی کاریگەریە خراپەکانی مادده هۆشبەرەکان لەناوەندەکانی خوێندن.

٧- پشکنینی بەردەوام بۆ گیراوەکانی(نێرگەلە)ی کافتریاکان لەتێکەڵ کردنی ماددەی هۆشبەر لەم گیراوانەدا.

٨- دانانی ئامێری پشکنینی پێشکەوتوو لە ناوچە سنووریەکان و فڕۆکەخانەکان و دەروازەی شارەکان و بەهێزکردنی خاڵەکانی پشکنین.

٩- سانسۆڕ خستنە سەر ئەو دراماو فیلیمانەی کەجۆرێک لەڕیکلام بۆ مادده هۆشبەرەکان و بازرگانی کردن پێیانەوە دەکەن.

١٠- نیشاندانی دەرەنجامەخراپەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە ڕێگەی هەڵواسینی وێنەو پۆستەری تایبەت لە(دامەزراوەکان/شوینە گشتیەکان)

١١- داناى کەسانی شارەزاو پسپۆڕ لەچاکسازیەکان و بەندینخانەکان بەمەبەستی ڕێنوێنی کردنی بەندکراوان

١٢- پشکنینی پێش وەختەی جەستەیی ماددەی هۆشبەر بۆ(وەستا/کریکار)ی بیانی و چاودێری کردنیان .

---

(1)د.کامەران ئەمین ئاوە، زانستی پزیشکی بەزمانێکی ساکار، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٧.

(2)د. . عادل هادی ئەلقاضی، وەرگێڕ، دڵنیا عبدالله لطیف، جگەرەکێشان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.

**دەرەنجام :**

**بەو ئەنجامە دەگەین، هۆکاری شەڕ و فاکتەری ناسەقامگیری سیاسی و پشت بەستن بەهێزی دەرەکی و خراپی دۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان و پشت بەست بەیەک جۆر سەرچاوەی بەرهەهێنان کەئەویش نەوتە، لەگەڵ نزیکی و دراوسێ یە لەگەڵ وولاتانی بەرهەمر هێنەری ماددەی هۆشبەر و هاتنی لێشاوی پەرنابەران پشکنین و چاودێری کردنیان ئەرکێکی قوڕس بوو فاکتری سەرەکی بوون  لە زۆربونی ماددەی هۆشبەر لەهەرێمی کوردستان، ماددەی هۆشبەر لەهەرێمی کوردستان لەحاڵەتەوە بوو بە دیاردە و لەگەڵ زۆربونی دەکرێ بڵێین جۆرێک ناسەقامگیری سیاسی و متمانەی هاوڵاتی بەدامەزراوەکانی دەسەڵات و دامەزراوەکانی تایبەت بە ڕووبەڕووبونەوەی ماددەی هۆشبەر لاواز دەکات و دەیانخاتە ژێر پرسیارەوە. لەپای هەبوونی یاسایی تایبەت بەمادده هۆشبەرو کارتێکەرە عەقڵیەکان هەموارکراوی ساڵی(٢٠٢٠)چەندین مادده و بڕگەی جیاواز لەخۆدەگرێت لەگەڵ توندکردنی سزاکانی بازرگانی کردن و گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر تاوەکو ئاستی زیندانی کردنی تاهەتایی و لەسێدارەدان و سزایی دارایی تاوەکو(٩٠،٠٠٠،٠٠٠)نۆهەد ملیۆن دینار بەڵام بەپێی ئامارو داتاکان لەهەرێمی کوردستان بەکارهێنان و بازرگانی کردن بەماددەی هۆشبەر ڕوو لە هەڵکشانە، ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان لە ئێستادا زەنگێکی ترسناکە و کێشەیەکی گەورەیە، بۆتە مەترسی  بۆ ئێستا و  داهاتووی نەوەکانی دوا ڕۆژی میللەتمان، گەر ئاوا بەردەوامر بێت بێگومان ئەمر وڵاتە دەخاتە ژێر مەترسییەکی گەورە، ڕەنگە ئەمەش پلان و بەرنامەی دارێژراوی دوژمنان و نەیارانی گەلەکەمانی لە پشتەوە بێت، کێشە و قەیرانەکان و نەبوونی کار، ڕەنگە کۆمەڵێ هەڵی لەباربن بۆ بڵاوبوونەوە و بەرپابوونی ئەمر دیاردە نەخوازراوە لە نێو کۆمەڵگەدا، بە پێی راپۆررت و ئامارە نهێنیەکان ژمارەی بەکاهێنەران و تێوە گلاوانی مادده هۆشبەرەکان لە هەڵکشاندایە ئەمەش هەڵوێستەیەکی جدی دەوێ لە دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمر بۆ بە پێداچوونەوەو بن بڕکردنی ئەمر حاڵەتانە کە هەرەشەی گەورەی دروست کردووە لە سەر داهاتووی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، پێویستە بایەخێکی تەواوی پێ بدرێت لە ڕووی ماددی و مەعنەوی یەوە، گریمانە ئەگەر لە سنووری خۆی تێپەڕێت چارەسەرکردنی کارێکی دژوار دەبێت و ئاسان نابێت ئەوەتا بڕی ماددەی هۆشبەری جۆراو جۆری دەست بەسەرداگیراو تەنها لە ماوەی پینج ساڵدا واتا ساڵی(٢٠١٩)تاوەکوساڵی(٢٠٢٤)بریتیە لە(١٠٬٢١٨)واتا سەرووی(١٠)تەن ماددەی هۆشبەری لەهەرێمی کوردستان دەستی بەسەرداگیراوە، بۆیە هەرێمی کوردستان پێویستی بەداڕشتنەوەی سیاسەتی گشتی بۆ بەرەنگاربونەوەی مادده هۆشبەرەکانە لەگەڵ ریفۆڕمر کردن لە دامەزراوەکانی دادوەری و دەسەڵاتی جێ بەجی کردن، هەرچەندە نابێ ڕۆڵی دەزگا تایبەتمەندەکانی  لایەنی ئەمنی و ئاسایش کە ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە باش کردن و کەمر کردنەوەی بازرگانی  بەمادده هۆشبەرەکان، هەروەها  ڕۆڵی دەزگا ڕاگەیەندەکانیش لە بیر نەکەین  گرینگی زیاتر بەمر بابەتە بدەن لەبەر ئەوەی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێ  لە هۆشیار کردنەوەی تاک و کۆمەڵگە.**

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

**لیستی سەرچاوەکان**

**سەرچاوە کوردیەکان:**

**یەکەم: پەرتوک**

**-د.خانزاد ئەحمەد عەبد و رێبین رەسول ئیسماعیل، ئالوودەبوون بەماددەی هۆشبەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئازادی، هەولێر، ٢٠١٩.**

**- رێبین کاکەمەم باوزی، مەترسی مادده هۆشبەرەکان لەسەرتاک و خێزان وکۆمەڵگە، چاپخانەی وارڤان،هەولێر، ٢٠٢٤.**

**- بارزان جوهر صادق، هەڕەشە ناوەخۆییەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان-عێراق، چاپی یەکەم، هەولێر،٢٠٢٣.**

**- فائز ئیبراهیم محەمەد، خوپێوەگرتن بە ماددەهۆشبەرەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، هەولێر، ٢٠٠٧.**

**- نجات علی صالح، دموکراسی وەك ڕەگەزێکی نوێ لە ئاسایشی نەتەوەییدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٤.**

**- هیمن هادی، خراپ بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان چیە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩ .**

**-بەشار عزیز، تاوانەکانی ماددەهۆشبەرەکان،چاپی دووەم، چاپخانەی یادگار، سلێمانی، ٢٠٢٤.**

**-رضوان شریف صالح، مادده هۆشبەرەکان لەهەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم، هەولێر،٢٠١٥.**

**-عەتای مەلا کەریم، دەرمان و ماددەهۆشبەرەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلیمانی، ٢٠٠٨.**

**-نەجات عەلی، دیموکراسی وەک ڕەگەزێکی نوێ لە ئاسایشی نەتەوەییدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٤.**

**دووەم: تێزی دکتۆرا**

**-پەروێز رحیم قادر، ئاسایشی نەتەوەیی لەچوارچێوەی تێۆری کۆنستراکتیڤیزم پرسی ناسنامەی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک نمونە، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زانستەسیاسیەکان، زانکۆی صلاح الدین، هەولێر، ٢٠١٩.**

**- نەجات عەلی صالح، ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی وویلایەتەیەکگرتووەکانی ئە مریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پاش ٢٠٠١، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٢٠.**

**سێ یەم: ماستەر نامە**

**-پەخشان عبدالرحمان مەولود، لێکەوتەکانی دەوڵەتی شکستخواردوو لەسەر ئاسایشی هەرێمایەتی لە ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست عێراق پاش ٢٠٠٣، ماستەرنامە، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، ٢٠١٥.**

**-لاجـــــان مـحـــــمـــــد عـــثـــــمـــــان، پەیوەندی دانیشتنەکانی پەرلەمان بەئاسایشیکۆمەڵایەتی و دەروونییەوە، ماستەر نامە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەاڵحەدین، هەولێر، ٢٠٢٣.**

**سایتی ئەلکترۆنی:**

**-ئاماری بەکارهینەرانی ماددەی هۆشبەر لەشاری هەولیرAve at:https://< www.kurdistan24.net>/ckb/story**

**کاتی سەردان( 2024/1/10)**

**-بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان ئاماری 6 مانگی رابردووی بڵاوکردەوە<kurdistan24.net Ave at:https://<**

**-المصادر العربية**

**- د. احمد رشاد عبداللطيف، الاثار الاجتماعيه لتعاطى المخدرات، المطبه دارالنشر، الرياض، ١٩٩٢.**

-د. محمد مختار جمعة، الامن المجتمعى، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة الاوقاف، القاهرة، ٢٠٢١.
- د. مصطفى سويس، المخدرات والمجتمع، المطبعه عالم المعرفه، الكويت، ١٩٩٦.
-د.خالد حمد المنهدى، المخدرات واثارها النفسيه والاجتماعيه والاقتصاديه،المطبعه المنارة، القطر، ٢٠١٣.
- د. وليد حسنى، الترامادول والمخدرات رحله داخل النفق المضلم، الطبعه الاولى، القاهرة،٢٠١٤.
- جون بيليس و ستيف سميث، عولمة السياسة العالمية للأمن الدولي في حقبة ما بعد الحرب الباردة، الطبعة الاولى، المطبعة مركز الخليج للأبحاث، دبى، ٢٠٠٤.
- ذياب موسى البداينة، الأمن الوطني في عصر العولمة، جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية، الطبعه الاولى ، الرياض، ٢٠١١.
- بدر محمد الغضورى، محمد مناور المطيرى، اشهر انواع المخدرات والمؤثرات العقليه وأضرارها، الطبعة الاولى، الكويت، ١٩٨٧.
- تقرير المخدرات العالمى ٢٠١٩، الامم المتحده، حزيران/يونيه، ٢٠١٩.

**أولا: المجلات**

-د. رشيد عمارة ياس، هيمن رؤوف سلام، الامن المجتمعى وقفها لطروحات مدرسة كوبنهاغن، مجلة الدراسات السياسية والامنية، المجلد(٥)، العدد(٢)، السعودية، كانون الاول٢٠٢٢.
-د.باسل سعود العنزى، دور جرائم بالمجتمع الكويتى فى تأثير على الامن المجتمعى وأليات الحد منها، مجلة العلوم الاجتماعية والانسانية، المجلد(٢٥، العدد(٨)، الكويت، اكتوبر٢٠٢٤.
-د. سعود بن عايد الشمرى، السموك التوكيدي لدى مدمني الحشيش و الكبتاجون، المجلد٨٥، العدد الاول، الجزء الاول، يناير ٢٠٢٢ .
-د.مفرج بن سعد الحقبانى، الاثار الاقتصاديه لانتشار ضاهره المخدرات، المجله العربيه للدراسات الامنيه والتدريب، الرياض، المجلد١٧ العدد٣٤، ٢٠٢٢.
رشيد عماره ياس الزبيدى، هيمن رؤوف سلام، مجلة الدراسات السياسية و الأمنية، المجلد(٥)، العدد(٢)، الجزائر، كانون الأول ٢٠٢٢.
الصالح البراجل، مقومات الامن الاجتماعى، المجلة الجزائيرية للامن والتنمية،المجلد(١٢)، العدد(٢)، الجزائر، ابريل٢٠٢٣.
حسن محمد بن زهرانى، الامن الفكرى لدى الطلاب مضاهره وصورة، ، المجله العلميه لكليه التربيه جاميعة اسيوط، المصر، المجلد(٣٢)، العدد(٣)، جزء أول، يوليو٢٠١٦م.

**ثانيا: دراسات**

- سعيدى العتيقه، أبعاد الاغرتاب النفيس وعلاقتها بتعاطي الخمدرات لدى المراهق، رسالة الدكتوراه، كليه العلوم الاجتماعيه والانسانيه، جامعه محمد خضير،الجزائير، ٢٠١٦.
- علي إسماعيل ذنون المشهدانى، التداخل الدوائي بين الترامادول و الكلورفينيرامين على مستوى تسكين األلم والسلوك العصبي في نموذج الفئران، رسالة الماجستير ، كليه الطب البيطرى، جامعه الوصل، ٢٠٢٣.
- نوبيات قدور، اتجاهات الشباب البطال نحو تعاطي المخدرات، رساله الماجستير، كـلية الآداب والعلوم الإنسانية، جامـعـة قاصدي مرباح، الرقـلـة، ٢٠٠٦.
- رقيق نجمه، اسباب ادمان المراهقين على المخدرات، رساله الماجستير، كليه العلوم الاجتماعيه، جامعه خميس مليانه، الجزائير،٢٠١٧.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

سەرچاوەکانی ئینگلیزی:


- How to investigate drug use in health facilities,Wordl Health Organization ,DAP 93.1 -1993.

-National Institute on drug Abose,Principes Of Durg Addication Treatment,Revised January 2008.

-National Institute on Drug Abuse (NIDA) Marijuana, June 2018.

- Thersilla Oberbarnscheidt, Norman S Miller، Pharmacology of Marijuana Article in Journal of Addiction Research & Therapy, January 2017.

-Wessex Palliative Physicians, The palliative carehand book,Nine edition 2019.

- TERMINOLOGY AND INFORMATION ON DRUGS, Second edition Prepared by the Laboratory and Scientific Section United Nations Office on Drugs and Crime UNITED NATIONS New York, 2003.

- THE SOCIAL IMPACT OF DRUG ABUSE, This study was originally prepared by UNDCP as a position paper for the World Summit for Social Development (Copenhagen, 6-12 March 1995),P

-Avrupa UyuŞturucu Raporu, Trendler ve GeliŞmeler, Lüksemburg: Avrupa Birliği Yayın Ofisi, yılına kadar Avrupa'daki uyuŞturucu durumu 2022.

-André Rinaldi Fukushima, Crack cocaine, a systematic literature review Article in Forensic Research & Criminology International Journal · September 2019.

-Ken Booth, SECURITY AND SELF REFLECTIONS OF A FALLEN REALIST, York University, Toronto, 12-14 May 1994.

- Robert McNmara, The Essence of Security, Naval War College Review: Vol. 22 : No. 1 , Article 13, 1969.

-Dr. Safak KAYPAK, Dr.Ogr Uyesi, Security Understanding of a New Dimension in the Globalization Process and Environmental Effects, Afyon Kocatepe University Journal of Social Sciences / Volume: 21, No: 3, September 2019.

- Barry Buzan ,Ole Wæver, Regions and Powers The Structure of International Security, CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS, First published in print format 2003 .


# تأثير المخدرات على ألامن القومى في اقليم كردستان للفترة 2014


| |
|---|
| عبدالواحد نافع توفيق |
| قسم النظام السياسي والسياسات العامة ، كلية العلوم السياسيه، جامعة صلاح الدين، اربيل،اقليم كردستان- العراق |
| البريد الالكتروني: swessrojgar@gmail.com |
| پ.ی.د. امين فرج شريف |
| قسم النظام السياسي والسياسات العامة، كلية العلوم السياسية ، جامعة صلاح الدين ، اربيل ، اقليم كردستان-العراق |
| البريد الالكتروني: amin.sharif@su.edu.krd |

**ملخص**

**من الأوبئة التي يعاني منها العالم اليوم هي الإدمان على المخدرات والاتجار بها، والتي ستغير المجتمع من مجتمع سليم استثماريا واقتصاديا إلى مجتمع مريض ومتخلف، لذا يجب منع زيادة المدمنين وملاحقتهم قضائيا، واتخاذ بعض الخطوات السريعة والأولية لمكافحة المخدرات، فالإدمان يؤثر على بنية الأسرة ومن ثم المجتمع ونظام الإدارة، وتدهور الدولة والسلطة، ورحيل الرأسماليين وتغيير طريقة الحكم، وانتشار الفساد وتأثيره على هوية البلد ويؤثر على جميع جوانب الأمن، ويجب التوعية المستمرة من خلال المراكز التعليمية والمؤتمرات والندوات وتحليل المواد القانونية والعقوبات.**

**الكلمات المفتاحية: المخدرات، مفهوم الأمن، تأثير المخدرات على الأمن.**

# (Impact of drugs on nation security in the Kurdistan Region after 2014)

**AbdulWahid Nafea Tawfeeq**
**Department of Political System and Political Science,**
**College Political Science, Saladdin University- Erbil, Kurdistan Region-Iraq**
**Email: swessrojgar@gmail.com**
**Assist.Prof. Dr. Amin Faraj Shareef**
**Department of Political System and Political Science,**
**College Political Science, Saladdin University- Erbil, Kurdistan Region-Iraq**
**Email: amin.sharif@su.edu.krd**

**ABSTRACT**

**This study explains the motives and causes of the increase in drugs and its negative effects on the Kurdistan Region and has a direct impact on military security, social security, economic security, environmental security, individual security and health security Illegal trade and increased corruption open the door to the entry of unhealthy goods and food, the rapprochement of military institutions, the expansion of transportation networks, trade, drug use and the creation of markets for their sale.**

**Keywords: Drugs, concept of security, impact of drugs on security**